گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(2).Paper13

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 2023/07/06
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 2023/10/01
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 2024/4/29

# كاریگەری بەكارهێنانی مەڵتی میدیا لە ڕەواندنەوەی دڵەڕاوكێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەكەمی باخچە لە ڕوانگەی دایكانەوە

**نەبەرد محمود حمەصالح[1] - نیان نامق صابر[2] - یۆهان عثمان حمە حسێن[3]**

nian.sabir@univsul.edu.iq neyawnabard@gmail.com Yohan.hama@univsul.edu.iq

[1+2] بەشی باخچەی منداڵان، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عیراق.

[3] بەشی ڕاگەیاندن، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عیراق.

**پوختەی توێژینەوە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاستی دڵەڕاوكێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەكەمی باخچە لە ڕوانگەی دایكانەوە، هەروەها كاریگەری بەكارهێنانی مەڵتی میدیا لە سەر ڕەواندنەوەی ئەو دڵەڕاوكێیە و زانینی كاریگەری گۆڕاوی (ڕەگەز) لەسەر ئاستی دڵەڕاوكێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەكەمی باخچە.

توێژەر ڕێبازی ئەزمونی بەكارهێناوە، كۆمەڵگای توێژینەوەكە پێكهاتوە لە باخچەی منداڵانی (كازیوەی حكومی) لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا لە ناوەندی شاری سلێمانی، نمونەی توێژینەوەكە بەشێوەی مەبەستدار هەڵبژێردراوە كە خۆی لە (٣٠) منداڵی ئاستی یەكەمی باخچەدا دەبینێتەوە، ئامرازی بەكارهاتو بریتیە لە فۆرمێكی ڕاپرسی كە لەلایەن دایكی منداڵەكانەوە وەڵامدرایەوە. ئەنجامی توێژینەوەكە دەریخست كە ئاستی دڵەڕاوكێی دابڕان لە ئاستێكی بەرزدایە، جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان تاقیكردنەوەی پێشەكی و تاقیكردنەوەی پاشەكی و قەبارەی جیاوازیەكەش لە ئاستێكی بەرزدابو لە بەرژەوەندی تاقیكردنەوەی پاشەكی، ئەمەش دەرخەری كاریگەری بەكارهێنانی مەڵتی میدیایە لەسەر ڕەواندنەوەی دڵەڕاوكێی دابڕان لای منداڵانی نمونەی توێژینەوەكە، هەروەک دەركەوت كە گۆڕاوی (ڕەگەز) هیچ ڕۆڵێكی نییە لەسەر ئاستی دڵەڕاوكێی دابڕان لای منداڵانی نمونەكە.

**كلیلە وشە:** مەڵتی میدیا، دڵەڕاوكێی دابڕان، منداڵ، باخچەی منداڵان.

## پێشەکی:

دڵەڕاوکێی دابڕان یەکێکە لە بەرچاوترین ئەو دیاردە دەروونیانەی تێبینیکراوە لای منداڵانی قۆناغی منداڵی بەرایی بەتایبەت لە سەرەتایی پەیوەندیکردنیان بە باخچەی منداڵان و گواستنەوەیان لە ژینگەی خێزان و ماڵەوە بەرەو ژینگە و جیهانی دەرەوەی خێزان، توێژینەوەکان بە دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام و پەرگیری ئەو قۆناغەی دەناسێنن کە دەرهاویشتەی ترسی جیابونەوە و دابڕانی چاوەڕوانکراو و ڕاستەقینەی منداڵە لەو کەسەی کە پەیوەستیی و پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵیدا هەیە لە پێشەنگی ئەو کەسانەش (دایک)ە. کە منداڵ لە ڕێگەی گریان و غەمباری و نەگونجان و کەم و کورتی لە کردە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەنگە هەندێک جار گرفتی جەستەیش گوزارشتی لێ دەکات.

زۆر جار بۆ چارەسەرکرنی ئەم کێشەیە ڕێگەچارەی نەریتی جۆراوجۆر دەگیرێتەبەر وەک ئەوەی بۆ ماوەیەک دایکەکە لەگەڵ منداڵەکەدا لە باخچە بمێنێتەوە، یاخود یەکێک لە مامۆستایانی باخچەکە بەتایبەتی خۆی تەرخان بکات بۆ گرنگی پێدان و دڵدانەوەی منداڵەکە تا ئەو کاتەی منداڵەکە وازدەهێنێت لە پیشاندانی نائارامی و بارودۆخەکە قبوڵدەکات و بە ناچاری بەشداری چالاکییەکانی باخچەکەی دەکات، بەڵام هەمو ئەمانە پێویستی بە کات و کۆشش‌ێکی زۆر هەیە و هەندێک جار نەکردە و نەگونجاو دەبێت لە گەڵ کات و بواری دایکەکە و مامۆستای باخچەکەشدا، هەرچەندە ڕەنگە بتوانێت چارەسەری هەڵوێستەکە بکات وەک هەڵوێستێکی دیاریکراو بەڵام ناتوانێت دڵنیایی ئەوە بدات کە گرفتی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵەکە ڕەوێنراوەتەوە.

لەبەرئەوە چارەکردنی ئەم گرفتە لە ڕێگەی بەرنامەی ڕێنمایکردنی دەرونی و پەروەردەییەوە جێگەی بایەخی پەروەردەکاران و پسپۆرانی بوارەکەیە و، هەوڵەکان بۆ گونجاندنی بەرنامە ڕێنماییەکان لەگەڵ سروشتی منداڵاندا چڕکراونەتەوە، دوای ئەو باڵادەستییەی میدیای نوێ لە جیهانی ئێستادا گرتویەتیە دەست و پاش ئەوەی توێژینەوە نوێیەکان سەلمێنەری کاریگەری میدیای نوێ و ئامرازەکانی میدیای نوێ بون لەسەر کردەکانی فێربون و، ئاڕاستەکردنی منداڵان لە بوارەکانی بەها و ڕەفتار و زمان و زانستەکاندا و بە پشت بەستن بەو ڕاستیەی کە وروژاندنی زیاتر لە هەستەوەرێک کاریگەری ئەرێنی زیاتری دەبێت لەسەر کردەی فێربون، هەروەها دڵخوازی منداڵ بۆ ئامرازە مەڵتی میدیاییەکان وەک نوینەری ئامرازەکانی میدیای نوێ بەهانەیەکی گەورەیە بۆ خستنەگەڕی لە بوارەکانی خزمەتکردن بە منداڵانی باخچە.

## کێشەی توێژینەوەکە:

دڵەڕاوکێی دابڕان بە دڵە ڕاوکێیەکی دەرەکی سەرچاوە یاخود وروژێنراو (Exogenous) ئەژمار دەکرێت بەو پێیەی سەرچاوەکەی دیار و ئاشکرایە و بریتییە لە جیابونەوە لە کەس یا شوێن و بابەتی پێوە

وابەستە، و مانەوە و چارەسەرنەکردنی سەردەکێشێت بۆ چاندنی دڵەڕاوکێیەکی ناوەکی و دروستکردنی گرفتی گەورە بۆ منداڵ (شیهان،١٩٨٧: ٢٠).

کە ئەمەش کاریگەری گەورە و نەگونجاو دروست دەکات لەسەر گەشەی دەرونی و کۆمەڵایەتی منداڵ لەو قۆناغە هەستیارەدا کە زۆر پێویستی بە ڕەخساندنی زەمینەی لەبار و گونجاو هەیە بۆ گەشە و بونیادنانی کەسێتی و توشی کێشە و گرفتی دورمەودایی دەکات، چونکە ئەم جۆرە لە دڵەڕاوکێ جیاواز لە دڵەڕاوکێی سروشتیی گەشەی تەندروستی و پارێزراویی منداڵ، منداڵ دەخاتە ناو جۆرێک لە داخراوی و دابڕاوی لە ژینگەی دەوروبەر (عائشە ٢٠١٩: ٤).

لەم قۆناغەدا دڵەڕاوکێی دابڕان یەکێکە لەو پەشێویە دەرونیانەی ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە لای منداڵان و، لای زۆرینەیان بەڕونی تێبینی دەکرێت، بەتایبەت کاتێ بۆ یەکەم جار پەیوەندی دەکات بە باخچەوە و لە باخچە بەجێدەهێڵرێت (ملال و كبداني، ٢٠١٧: 102).

دوچاربون بە هەر گرفت و پەشێوییەکی دەرونی لەم قۆناغەدا وا دەکات کاریگەرییەکی بەهێز و خراپ جێبهێڵێت لە سەر کەسێتی ئێستای منداڵ و داهاتوی، بەو پێیەی کاریگەری دەبێت لەسەر کۆی کردەی گەشەی لایەنە جیاجیاکانی کەسێتی کە هەمو وەک زنجیرەیەکی پێکەوە لکاو کاردەکەن و پسانی هەر ئەڵقەیەکیان دەبێتە هۆی تێکچون و پەککەوتنی کۆی کردەی گەشەکردن و، پەکخستنی بناغەی پەرەپێدانی توانا و لێهاتوییە زگماکەکانیشی کە هەوێنی کارامەییە نوێیەکان و گونجاندنیەتی لەگەڵ ژینگە و ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی (أبوعلی، ٢٠١٤:١٥). هەمو قوتابخانەکانی دەرونناسی کۆکن لەسەر ئەوەی کە دڵەڕاوکێ بنەمای سەرەکی هەمو پەشێوییەکانی کەسێتی و تێکچونە ڕەفتارییەکانە و هۆکارن بۆ پەشێویی و نەخۆشییە دەرونییەکان (عبدالرسول،٢٠١٣:١٨)، توێژەر کێشەی توێژینەوەکەی چڕدەکاتەوە لە پرسی: ئایا بەکارهێنانی مەڵتی میدیا کاریگەریی هەیە لەسەر ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە؟

## گرنگی توێژینەوەکە:

قۆناغی منداڵی یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ، بەو پێیەی بە بناغە و سەرەتای وێناکردنی شێوەکانی کەسێتی و دیاریکردنی گەشەی جەستەیی و ئەقڵی وکۆمەڵایەتی و دەرونی دادەنرێت، کە بە کەمی ئەزمون و شارەزایی دەناسرێتەوە، هەربۆیە لێرەدا هەلێکی گونجاو دێتە ئاراوە بۆئەوەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاری خۆیان بکەن بەپێدانی زانیاری و کارامەیی زمانەوانی و فێرکردنی بەهاو نەریتە ئەرێنییەکان (صالح،٢٠١٥، ٤٤).

قۆناغی منداڵی بەرایی ئەو قۆناغەی کە منداڵ تێیدا پەیوەندی دەکات بە باخچەوە وەک یەکەم ئەزمونی چونە دەرەوەی منداڵ بۆ جیهانی دەرەوەی خێزان ئەژماردەکرێت لە ژیانی زۆربەی منداڵاندا، هەروەها بە

یەکێک لە گرنگترین قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی دادەنرێت، کە منداڵ تێیدا هەرچەندە هێشتا لە پشت بەستنی بە کەسانی دیکە بەردەوامە بەڵام حەزی سەراسۆکردن و خێرای گەشەی لایەنەکانی کەسێتی لە ڕوی جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتی و هەڵچونییەوە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەم قۆناغەن.

هەر بۆیە چارەسەرکردنی ئەم گرفتە و ڕێنمای کردنی منداڵ بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە و بەدەست هێنانەوەی هاوسەنگی دەرونی یەکێکە لەو ئامانجانەی پێویستە بخرێتە ناو پەیڕەوی باخچەکانەوە، تاوەکو منداڵان لە سەرەتای پەیوەندیکردنیان بەو ناوەندانەوە سودی لێوەربگرن. وەک ئاشکرایە سروشتی منداڵیش پێویستی بە چەندین تەکنیک و ئامراز و شێوازی جۆراوجۆری تایبەت هەیە، بەو پێیەی ئامرازەکانی میدیایی نوێ لە زۆرێک لە بوارەکانی فێرکردندا توانراوە سودی لێوەربگیرێت و بخرێتە خزمەتی کردەکانی پەروەردە و فێرکردنەوە و بەکارهێنانێکی بەرفراوانی هەیە لەلایەن منداڵانەوە، هەربۆیە بەکارهێنانی لە گەیاندنی پەروەردەیشدا گرنگی خۆی هەیە لە بەدیهێنانی ئەوپەڕی ئامانجە پەروەردەییەکانیدا، هەروەها دڵخوازی منداڵ بۆ ئامرازە مەڵتی میدیاییەکان وەک نوێنەرێکی بەهێزی ئامرازەکانی میدیای نوێ کە لە ڕۆژگاری ئێستاماندا ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە.

لێرەوە هەستیاری قۆناغەکە و بڵاوی پەشێوییەکە و کاریگەری لەسەر ژیان و داهاتوی منداڵ، گرنگی بەدواداچون و لێتوێژینەوە و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی دەهێنێتە ئاراوە. دیارە یەکێک لە کاریگەرترین و کردەترین ئەو هۆکارانەش کە ئێستا لە بواری پەروەردە و ئاراستەکردندا سودی لێوەردەگیرێت بریتییە لە ڕاگەیاندنی نوێ، لە ناویشیاندا مەڵتی میدیا کە دەتوانرێت وەک ئامرازێکی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی بخرێتە خزمەت ئامانجە پەروەدەیەکان و بە تایبەت لەگەڵ منداڵی باخچەدا باشترین وەبەرهێنانی پێبکرێت. لەبەر ئەوە گرنگی قۆناغەکە و بەرچاوی کێشەکە و گرنگی کاریگەرییەکانی میدیایی نوێ و ئامرازەکانی میدیای نوێ و بەتایبەت مەڵتی میدیا وادەکات گرنگی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە بگاتە ئەوجی خۆی و توێژەر هەوڵی سەلماندن و وەڵامدانەوەی کێشەی توێژینەوەکەی بداتەوە.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە لە ڕوانگەی دایکانەوە، هەروەها کاریگەری بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لە سەر ڕەواندنەوەی ئەو دڵەڕاوکێیە و زانینی کاریگەری گۆڕاوی (ڕەگەز) لەسەر ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە.

### سنوری توێژینەوەکە:

سنوری مرۆیی: منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی شاری سلێمانی.

سنوری جوگرافی: باخچەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی.

سنوری کاتی: ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢ ــ ٢٠٢٣.

**ناوەرۆکی بەرنامە:**

ناوەرۆکی بەرنامەکە خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵێک بابەتی پەیوەندیدار بە گۆڕینی بیرۆکە هەڵەکانی منداڵ دەربارەی جیابونەوە لە باوان و، هاتن بۆ باخچە و، چۆنیەتی گوزەراندنی ئەو کاتە لە ناو باخچەدا، بەسود وەرگرتن لەو ڤیدیۆیانەی کە تایبەت بە دڵەڕاوکێی دابڕان لەلایەن ناوەند و ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانەوە ئامادەکراوە و توێژەر لە پێگەی (youtube) وە دەستی پێیان گەیشتوە و توانیویەتی وەرگێڕانیان بۆ بکات، کە ژمارەیان نۆ ڤیدیۆ بو، پاشان لە ماوەی جێبەجێکردنی بەرنامەکەدا کە دوازدە ڕۆژە لە ڕێگەی ئامێری کۆمپیوتەر وەک ئامرازێکی مەڵتی میدیایی و بە بەکارهێنانی داتاشۆ پێشکەش بە منداڵان کرا.

**چەمک و زاراوەکان:**

**مەڵتی میدیا Multimedia:** بریتییە لە تێکەڵکردنی زیاتر لە یەک جۆر لە جۆرەکانی ڕاگەیاندن لە دەق (پیت و ژمارە) و هێما و دەنگ و وێنە و ڤیدیۆ و وێنەی جوڵاو لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە، بۆ پاڵپشتی کردنی کردەی تێگەیشتن یاخود لەبەرکردنی زانیارییەکان (Abdulrahman et al، 2020: 1).

**پێناسەی ڕێکاری مەڵتی میدیا:** ئامرازێکە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی نوێ کە توانای گەیاندنی پەیامە نوسراو بیستراو بینراوەکانی هەیە لەهەمان کات و بە هەمان ئامراز.

**دڵەڕاوکێی دابڕان Separation Anxiety:** وەک لە (DSM 5) دا هاتوە کە دڵەڕاوکێی دابڕان بریتییە لە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زیادەڕەوی تیاکراو و نەگونجاو لە دابڕان لە ماڵ و ئەو کەسانەی کە پێوەی پەیوەستن (السید و ئەوانیتر، ٢٠٢٢: ١٦٤).

**پێناسەی ڕێکاری دڵەڕاوکێی دابڕان:** دۆخێکی هەڵچونی ناخۆشە ڕوبەڕوی منداڵ دەبێتەوە لە سەرەتای پەیوەندی کردنی بە باخچەوە لە ئەنجامی جیادەبونەوەی لە سەرچاوەی پێوەپەیوەستی ئاسایش و دابین کەری پێداویستییەکانی (کە زۆر جار خۆی لە دایکدا دەبینێتەوە) و، لە شێوەی گریان و گۆشەگیری و نەگونجان و نائارامی گوزارشتی لێدەکات.

**مەڵتی میدیا Multimedia**

وشەی (Multimedia) لە ڕویی زمانەوانییەوە وشەیەکی لاتینییە و لە هەردو وشەی (Multi) کە بە مانای فرە یاخود ژمارەیەک دێت و، وەشەی (Media) کە بە مانای نێوەند یاخود ئامراز دێت کە هەردوکیان

پێکەوە مانای (فرە ناوەند) یاخود (فرە ئامرازی) دەگەیەنن، بە واتای بەکارهێنانی کۆمەڵێک ئامرازی گەیاندنی وەک دەنگ (Audio) و، وێنە (Visual) و، دەق (Text) و، ڤیدیۆ کان بە شـــێوەیەکی پێکەوە لکێنراوی تەواوکاری بە ئامانجی بەدیهێنانی کارایی لە کردەی گەیاندنی پەیامدا (الخضـــر، 2016: 5) (Shilpa & Sunita، 2013: 80).

## ڕەگەزە سەرەکیەکانی مەڵتی میدیا:

ئەو ڕەگەزە ســـەرەکیانەی کە پێکهێنەری مەڵتی میدیان بریتین لە (دەقەکان، دەنگەکان، وێنە جوڵاوەکان، وێنە هێڵکارییە کێشراوەکان، ڤیدیۆ):

- دەقەکان Texts: پێکهێنەرێکی ســـەرەکی بەرنامەی مەڵتی میدیایە و، مەبەســـت لێی هەمو ئەو زانیاریانەیە کە بە شـێوەی نوسـین لەسـەر شـاشـەی مەڵتی میدیا نمایش دەکرێت. بە گشـتی ئەو نوسینانە بریتین لە نوسینی پیتەکان یا ژمارەکان یا هێماو ئاماژەکان.
- دەنگەکان Sounds: هاوشـــان لەگەڵ وروژێنەرە بینراوەکان کە لەســـەر شـــاشـــە دەردەکەوێت دەکرێت وروژێنەرە دەنگیەکان و دەنگی وشـــە کۆکراوەکان و دەنگی مۆســـیقا ســـەرباربکرێت بۆ نمایشـــەکانی مەڵتی میدیا، ئەمەش لە ڕێگەی گۆڕینی دەنگەکان بۆ ئاماژەی ژمارەی کە دواتر دەتوانین ســـەرباری بکەین بۆ هەمو وێنەیەکی ناو کۆمپیوتەرەکە جا وێنە جێگیرەکان یا وێنە جوڵاوەکان بێت.
- وێنە هێڵکارییە کێشـــراوەکان Graphics: دەربڕینە وێناکراوەکانە لە ڕێگەی هێڵ و شـــێوە دو دوری و سێ دوریەکانەوە، وەک وێنەی هێڵە بەیانیەکان و شێوە ڕونکەرەوەکان و وێنەی کاریکاتێر و نەخشەکان و هتد.
- وێنە جوڵاوەکـان Animation: وێنە جوڵاوەکـان ســـەرنج ڕاکێشـــتر و کـاریگەرترن لە وێنە جێگییرەکان، هەربۆیە لە بواری فێرکاریدا ســـودێکی زۆری لێدەبینرێت. لە بنەڕەتدا بریتیە لە پێدانی جوڵە بە وێنە و شێوە جێگیرەکان.
- ڤیدیۆ Video: وێنەی بـارە جوڵاوەکـانە کە بە شـــێوەیەکی ژمـارەیی تۆمـارکراوە و هەر بەو شـــێوەیەش نمایش دەکرێت، ســـەرچاوەکانی هەمەچەشـــنن لە نمونەش کامێرای ڤیدیۆ و کاســـێتی ڤیدیۆ، کە دەتوانرێت خێرای و هێواشـــی نمایش کردنی لە لایەن بەکارهێنەرەوە کۆنتڕۆڵ بکرێت، وەک ڕەگەزێک لە چوارچێوەی مەڵتی میدیـادا ســـودی لێ وەردەگیرێت (محمود، ٢٠١٥: ٨١٣) (العريشي،2010: 23) (فكري،2020: 950).

**تایبەتمەندییەکانی مەڵتی میدیا:**

بەرنامە مەڵتی میدیاییەکان لە کۆمەڵێک تایبەتمەندیدا هاوبەشـــن، و ئەم تایبەتمەندییانە دەبنە دیاریکەر و ناسێنەرەوەیان، بنەمای دانانی ئەم تایبەتمەندیانەش پەیوەسـتە بە بنەمای تیۆرەکانی فێربون و فێرکردن و زۆرێک لە تیۆرە زانستیە جیاوازەکانی وەک زانستەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن و هتد، و کاتێک بەرنامەیەکی مەڵتی میدیا تایبەت بۆ بوارەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندن و فێرکاری بەکاربهێنرێت ئەوە دەبێت ڕەچاوی لەخۆگرتنی زۆرێک لەم تـایبەتمەنـدیـانە بکرێت کە بریتین لە تـایبەتمەنـدییەکـانی تەواوکـاری، کـارلێکی، تاکایەتی، هاوکاتی، جیهانی، هەمەچەشـنی، نەرمی، ژمارەیی، ئەلەکترۆنی و سـەرنجڕاکێشـی(الزعبي، ٢٠٢٠: ١١٢) (علي،٢٠٢١: ٢٢٩).

**هۆکارەکانی بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لە ناوەندە پەروەردەی و فێرکاریەکاندا:**

هۆکارگەلێکی زۆرمان هەیە لە پشت بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لە ناوەندە جیاجیاکانی پەروەردە و فێرکردن، بە تایبەت بۆ ئەو ناوەندانەی کە فێرخوازەکانی منداڵن و پێویســتیان بە ســەرنج ڕاکێشــانی زیاتر هەیە بۆ وەرگرتنی پەیامەکان و ئاسان کردنی کردەی فێربون و لەبەرکردن، بە شێوەیەکی گشتی لە گرنگترین ئەو هۆکارەنەش بریتین لە:

- یەکخستنی پەیڕەوی خوێندن و تەکنەلۆژیا.
- پاڵپشــتیکردنی فێربونی چالاک و، لێکۆڵینەوە و، چارەســەرکردنی کێشــەکان لە چوارچێوەی کاری هەرەوەزی و کاری تاکە کەسی بە بەکارهێنانی شارەزاییە باڵاکان.
- بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە خستنەڕوی بیرۆکەکاندا.
- پەرەپێدانی پێناسەی نوێ بۆ یاری و بیرۆکەی نوێ دەربارەی ئەرک و ئەنجامەکانی یاری.
- پەرەپێدانی ڕۆشـــنبیری میدیایی و کارامەییەکانی بەکارهێنانی میدیا و ئامرازەکانی ( Ivers & Barron، 2002: 3 ).

## دڵەڕاوکێی دابڕان Separation Anxiety

دڵەڕاوکێی دابڕان کە بە زۆری لە ناو منداڵاندا بڵاوترە بە بەراورد بە هەرزەکاران و پێگەیشتوان، بە یەکێک لە دیارترین ئەو پەشـــێوییانە دادەنرێت کە منداڵ توشـــی دێت. بە پێی ئامارەکان ڕێژەی ٣-٤٪ ی منداڵان بەدەســـــت ئەم دڵەڕاوکێیەوە دەناڵێنن، کە ئەم ڕێژەیە لە هەندێک وڵاتدا دەگاتە ٥-١٠٪ی ئەو منداڵانەی کە گوازراونەتەوە بۆ کلینیکە دەرونیەکان (الســـيد و ئەوانیتر، ٢٠٢٢: ١٦٤)، ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ٤١،٤٪ ی ئەو منداڵانە دڵەڕاوکێکەیان دەگاتە ئاســتی پەشــێوی دەرونی و ســێ بەشــیان گەر چارەســەری

پێویســـتیان بۆ ئەنجام نەدرێت تا قۆناغی هەرزەکاری پێوەی دەنالێنن (ناصـــر، ٢٠١٧: ٤٨٧). بە گشـــتی دڵەڕاوکێی دابڕان بریتییە لە بارێکی دەرونی قورس کە توشـــی منداڵ دێت لە ئەنجامی دڵەڕاوکێیەکی بەهێزی زیادەڕەوی تێداکراو لە دابڕانی لەو کەسەی کە پێوەی پەیوەستە و پەیوەندیەکی سۆزداری بەهێز پێوەی دەبەستێتەوە.

**نیشانەکانی دڵەڕاوکێی دابڕان:**

زۆر جار لە ڕێگەی چەند نیشـانەیەکەوە دەتوانرێت هەسـت بە بونی دڵەڕاوکێی دابڕان بکرێت لای منداڵان، ڕەنگە هەندێکیان بە تەنیا نیشانە بن بۆ هەر دیاردە و کێشەیەکی دیکەی تەندروستی جەستەیی و دەرونی لای منـداڵان، بەڵام هەبونی هەمویـان یـا خود زۆربەیـان پێکەوە، ئـامـاژەیە بۆ بونی دڵەڕاوکێی دابڕان. لەگرنگترین ئەو نیشـانانەش کە دیاریکراوە بۆ ئاماژەدان بە دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵان وەک لە ڕێبەری دەسـنیشـانکردنی نەخۆشـیە دەرونیەکان (ICD-10 )ی سـاڵی (١٩٩٤) دا هاتوە بریتین لەم نیشـانانەی خوارەوە کە وەک ئاماژەی پێدراوە دەبێت لایەنی کەم سـێ لەم نیشـانانە بونی هەبێت لای منداڵ تاوەکو وەک نیشانەیەک بۆ بونی دڵەڕاوکێی دابڕان ئەژماربکرێت:

- دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام و نا سروشتی لەبارەی ئەگەری ئازارپێگەیشتن یاخود لە دەستدانی کەسە پێوە پەیوەستەکان (وەک ئەوەی بڕۆن و نەیەنەوە، یاخود بمرن و هتد ).
- ڕەتکردنەوەی چون بۆ باخچە و خوێندنگا بەهۆی ترسانیان لە دورکەوتنەوە لە ماڵ.
- قورسی جیابونەوەی شەوانە بۆ خەوتن، و ڕەتکردنەوەی خەوتن بە تەنیا و، خەبەربونەوەی زۆری شەوانە و، ڕەتکردنەوەی خەوتن لە دەرەوەی ماڵی خۆی.
- ترسێکی بەردەوام و نا سروشتی لە تەنیایی تەنانەت لەو کاتەشدا کە خەوتوە.
- بینینی خەونی نـاخۆش (کـابوس) بە بەردەوامی کە بەزۆری دەربـارەی بـابەتی دابڕانە لە خۆشەویستانی.
- دەرکەوتنی بەردەوامی هەندێک نیشـانەی جەسـتەیی و فیسـیۆلۆژی وەک (دڵتێکەڵهاتن، هێڵەنجدان، سەر ئێشە و ئازاری گەدە) لە کاتی ڕودانی دابڕان و جیابونەوەدا.
- شـــپرزەیی بەردەوام لە کاتی ڕودانی دابڕان و کاتی پێشـــبینی کردنیدا، لە شـــێوەی گریان و خەمباربوندا.
- بەدینەهاتنی پێوەرە گشتیەکانی دڵەڕاوکێی گشتی لای منداڵەکە.
- سەرەتایی دڵەڕاوکێکە بگەڕێتەوە بۆ پێش شەش ساڵی.

- هۆکاری ئەو نیشـــانانە بە هۆی بەکارهێنانی هەندێک دەرمانی پزیشـــکی و گرفتە ڕەفتاریی و هەڵچونیی و کەسێتییەکانەوە نەبێت.
- کەمتر لە چوار هەفتە نەخایەنێت (ناصر، ٢٠١٧: ٤٨٨).

**کاریگەریەکانی دڵەڕاوکێی دابڕان:**

لە دیارترین ئەو کاریگەریانەی کە دڵەڕاوکێی دابڕان دروسـتی دەکات لەسـەر لایەنە جیاجیاکانی کەسـێتی منداڵی توشبو بریتین لە کاریگەری (جەستەیی، کۆمەڵایەتی، ڕەفتاریی، هەڵچونیی، مەعریفیی):

- کاریگەریە جەســـتەییەکان: زۆربەی ئەو منداڵانەی کە بەدەســـت دڵەڕاوکێی دابڕانەوە دەناڵێنن، هەندێک کێشـــەی ئەندامی و جەســـتەیی بەردەوامیان هەیە، وەک ســـک ئێشـــە و، ســـەر ئێشـــە و، هێڵنجدان و، ســـوربونەوەی دەم و چاو یاخود زەردهەڵگەڕان و، هەناســـە توندی، نەمانی ئارەزوی خواردن یاخود بە پێچەوانەوە زۆربونی ئارەزوی خواردن.
- کاریگەریە کۆمەڵایەتییەکان: منداڵانی توشـبو بە دڵەڕاوکێی دابڕان بەرهەڵسـتی دەکەن لە چونە ناو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانی وەک چون بۆ ئاهەنگی لەدایک بونی هاوڕێکان و سەردانی کردنیان بۆ ماڵەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو دڵەڕاوکێ و ترســـەی کە هەیانە لە جیابونەوە و دابڕانیان لە دایک و باوک و ئەو کەسـانەی کە سـەرپەرشـتییان دەکەن، هەر بەم هۆیەشـەوە بەردەوام ڕەتی دەکەنەوە بچنەوە بۆ خوێندنگا و، تەنانەت کاتێ کە دەشـــچنە خوێندنگا بە ئاشـــکرا تێبینی دابەزینی ئاســـتی چالاکییە ئەکادیمیەکانیان دەکەین لە ناو خوێندنگا.
- کاریگەریە ڕەفتارییەکان: ئەو منداڵانەی کە بەدەسـت دڵەڕاوکێی دابڕانەوە دەناڵێنن زۆر بە ئەسـتەم دەتوانن بە تەنیا بخەون بەبێ بونی یەکێک لە باوانیان لەگەڵیاندا، هاوکات بەردەوام گیرۆدەی بینینی خەونی ناخۆشـــن لە بارەی دابڕان و جیابونەوەیان لە باوانیان و، مژینی پەنجەکان و خواردنی نینۆک و میزکردن بە خۆدا و تورەبون و گریانی بەردەوام لە دەرکەوتە ڕەفتارییەکانی دڵەڕاوکێی دابڕانن لای منداڵان و، کێشەکە لە کاتی چونە خوێندنگادا بە شێوەیەکی ڕونتر دەردەکەوێت.
- کاریگەریە هەڵچونیەکان: منداڵ توشـــی دڵەڕاوکێیەکی توند دەبێت کاتێک لە ماڵەکەی یاخود لەو کەســە دور دەکەوێتەوە کە ســەرچاوەی ئاســایش و پاراســتنیەتی کە (دایک) یا خود هەر کەســێکی دیکەی ناو خێزانەکەی بێت، کە تەنها بە بریکردنەوە لە لەدەست دانیان منداڵ توشی ترسێکی بەهێز دەبێت و، هەروەها هەمیشــە دڵەڕاوکێیەکی زۆری هەیە لە بارەی ســەلامەتی ئەو کەســە و ئەگەری توشبونی بە هەر ڕوداویک کە ببێتە هۆی لەدەست دانی، ئەمە جگە لە دروست بونی ترسێکی زۆر

لە تـاریكی و تۆقینیـان لە بونی دێو و درنج و ئەنـدێشـــەكردنیـان، هەروەهـا ئەم منـداڵانە بەوە جیادەكرێنەوە كە بێسنور پشت دەبەستن بەو كەسەی پێوەی پەیوەستن و، گۆشەگیرو داخراون و، لەگەڵ تێپەڕینی كاتدا پەشـــێوییەكانی خەوتن و نان خواردنیان بۆ دروســـت دەبێت و، و خەمۆكی باڵیان بەسەردا دەكێشێت بە جۆرێك زۆرجار ئومێد و هیوا بە مەرگ دەخوازن.

- كاریگەریە مەعریفییەكان: منداڵانی گرفتار بە دڵەڕاوكێی دابڕان كۆمەڵێك بیرۆكەی زۆر خراپ و ناخۆش هەمیشـــە بە مێشـــكیاندا دێت دەربارەی لەدەســـت دانی خۆشـــەویســـتان و نەگەڕانەوەیان بۆلایان و، توشبونیان بە كارەسات و ڕوداوی ناخۆش، بە گشتی گرفتی سەرنج دان و بیرهاتنەوە و بیركردنەوە و چڕكردنەوەی ئاگاییـان هەیە لە بـابەتەكـانی خوێنـدن و لە یـاریكردنـدا، ئەمەش هەموكات لە ناوەندەكانی فێركردندا كێشـــەیان بۆ دروســـت دەكات و دەبێتە مایەی دواكەوتنیان لە ڕوی مەعریفی و ئەكادیمیەوە لە (ملال و كبداني، ٢٠١٧: 106).

## هۆكارەكانی دڵەڕاوكێی دابڕان:

ڕەنگە وەک زۆرێک لە پەشێوییە دەرونییەکانی دیکە نەتوانین تاکە هۆکارێک دیاریبکەین بۆ دروست بونی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵان، دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ســـروشـــتی ئاڵۆزی پەشـــێوییەکە و بونی جیاوازی تاکایەتی نێوان مرۆڤەکان و، جیاوازی تێڕوانینی قوتابخانە جیاجیاکانی دەرونناسی لەو بارەیەوە، کە هەریەکەیان هۆکارێک لەو هۆکارانە بە ســـەرەکی دەزانێت گرنگی پێدەدات، بە گشـــتی چەند هۆکارێک هەن کە ڕێخۆشکەرن بۆ دەرکەوتنی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵان کە بریتین لە:

### 1. هۆكارە دەرونی و كۆمەڵایەتییەكان:

کۆمەڵێک هۆکاری زۆر دەگرێتەوە لە گرنگترینیان پێنەگەیشـــتویی هەڵچونی منداڵ کە وای لێدەکات پشـــت بەســتنێکی زۆری هەبێت بە دایک یا ئەو کەســەی بەرپرســە لە تێرکردنی پێداویســتییەکانی، لە هەمان کاتدا شێوازی پەروەردە کردنی منداڵ و ناز پێدانی وا دەکات ئەم پشت پێبەستنە بگاتە ئاستێکی وا کە دابڕان و دورکەوتنەوە ڕاســـتەوخۆ ببێتە مایەی دڵەڕاوکێی دابڕان. تایبەتمەندیدیە مەزاجییەکانی منداڵیش یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانە، منداڵی شـــەرمن و هەڵهاتو لە هەڵوێســـتە کۆمەڵایەتییەکان، ئامادەییەکی زۆرتریان تێدایە بۆ توش بون بە دڵەڕاوکێ بە بەراورد بە منداڵی ئاســـایی. هەروەها ئاســـتی پەیوەســـتی منداڵ بە دایکەوە یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانە و تا ئاســـتی پەیوەســـتی زیاتر بێت ئەگەری توش بون بە دڵەڕاوکێی دابڕان زۆرتر دەبێت لای منداڵ.

### 2. وەرگرتن و فێربون:

دڵەڕاوکێی دابڕان لە باوانەوە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵ لە ڕێگەی بە نمونە بونی ڕاســـتەوخۆی باوانەوە، بۆ نمونە کاتێک باوکێک ترسی هەبێت بەهەمان شێوە منداڵەکەشی لەسەر ئەو ترسە پەروەردە دەکات وەک ترسان لە ڕوبەڕوبونەوەی هەڵوێستی نوێ و، ژینگەی نوێ و، دڵەڕاوکێ لە بڕیاردان و دابڕان لە خێزان و هتد، هەندێک جار منداڵەکانیان لە ڕێگەی زیادەڕەوی کردن لە پاراستن و ئاگادارکردنەوەیان لە خۆپارێزی و پێشبینیکردنی کارەسات و ڕوداوی خراپەوە فێری دڵەڕاوکێ دەکەن و، زۆرێک لە منداڵان هۆکاری توش بونیان بە دڵەڕاوکێ دەگەڕێتەوە بۆ کەشی ژینگەی کۆمەڵایەتی خێزان و کۆمەڵگاکەی.

### 3. بۆماوە و جینەکان:

دڵەڕاوکێی دابڕان وەک هەنـدێک لە گرفتە دەرونیەکـانی دیکە ئەگەر هەیە کە بۆمـاوە ڕۆڵی هەبێـت لە گواســـتنەوەی لە باوانەوە بۆ منداڵ و نەوەکانی، توێژینەوەکان دەریانخســـتوە کە ئەو باوانانەی دڵەڕاوکێ یاخود فۆبیای شوێنی چۆڵیان هەیە منداڵەکانیان ئەگەری توشبون بە دڵەڕاوکێی دابڕانیان زۆرترە، هەر لەو ڕوەوە (Sarah & Pini) لە توێژینەوەیەکیاندا دەیخەنەڕو کە ئەو دایکانەی لە تەمەنەی منداڵیی بەرایی و منداڵیی ناوەندا دڵەڕاوکێی دابڕانیان هەبوە، ئێستا منداڵەکانیان بەدەست هەمان پەشێوییەوە دەناڵێنن.

### 4. هۆکارە سایکۆفسیۆلۆژییەکان:

پەیوەندیەکی پتەو هەیە لە نێوان هۆکارە دەماری و فســـیۆلۆژییەکان و دڵەڕاوکێی دابڕان و خەفەکردنی ڕەفتاری کە خۆی لە شــــەرمنی بەهێزدا دەبینێتەوە. ئیســـۆلۆژییەکان پێیان وایە دڵەڕاوکێی دابڕان وەک دڵەڕاوکێی نامۆبون و ترســـــان لە کەســـــانی نامۆ تایبەتمەندییەکی زگماکی مرۆڤە، مرۆڤ وەک هەمو بونەوەرەکانی دیکە لەگەڵ قۆناغەکانی پەرەســـەندندا وەڵامدانەوەی تایبەتی وەرگرتوە بۆ ڕوبەڕو بونەوەی ترس و هەڕەشـەکان، لەگەڵ پەرەسـەندندا ئەم وەڵامدانەوانە بونەتە بەشێک لە نەریتی ڕەمەکی مرۆڤایەتی. بەڵگەشیان بۆ ڕاستی تێڕوانینەکەیان سەلماندنی ئاستی لێکچونی ڕێژەیی نێوان منداڵانە لە ڕوی نیشاندان و کات و ماوەی پەرچەکرداری ترســـــان لە دابڕانیان لە دایک (خلیل، ٢٠٠٦: ١١٣) (مخيمر و علي،2006: 144) (حمودة، 1998: 282).

### ئاراستەکانی لێکدانەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان:

لەگەڵ ئەوەی یەک شـــــێوازی دیـاریکراو نییە بۆ لێکـدانەوە و شـــــیکردنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان، بەڵام لێکدانەوەی جیاجیای قوتابخانە جیاجیاکانی زانســـــتی دەرونی کۆمەڵێک نمونەی جیاوازیان لەم بارەیەوە خستۆتەڕو، کە لێکدانەوەی هەریەکێکیان بە گەڕانەوە بۆ ئەو چوارچێوە تیۆریانەی پێوەی پابەندن، بەشێکی

زۆر لە ڕاستی لە بارەی ئەم دیاردە دەرونییە دەخاتەڕو، بە شێوەیەک هیچیان ناتوانێت بری ئەوانی دیکە بکەوێت، بۆیە ناتوانرێت دەستبەرداری هیچ کامیشیان ببین، لە گرنگترین ئەو نمونانەش:

**یەکەم: تیۆری دەرون شیکاری:**

(فرۆید Freud) لە ڕێگەی توێژینەوەکانیەوە هەوڵی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی دڵەڕاوکێی منداڵانی داوە، وای دەبینێت کە پشت بەستنی زۆری منداڵ بە خۆشەویستی و چاودێری باوان و تێرکردنی هەمو پێداویستییەکانی لەلایەنیانەوە وای لێدەکات ئەگەری توش بونی بە دڵەڕاوکێی دابڕان زۆرتر بێت.

بە گشتی (فرۆید) پێیوایە هۆکاری سەرهەڵدانی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵ، دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردنی منداڵ بەبێ توانایی لە بەرامبەر زۆری ئەو وروژێنەرانەی کە بە مەبەستی تێرکردنی پێداویستییەکانی ڕویتێدەکەن لە لایەک و، زۆری خۆشویستنی بۆ دایک لە لایەکی دیکەوە، هەروەها پێی وایە جیابونەوە لە دایک بەردەوام منداڵ دەخاتەوە یادی دابڕانی یەکەمی دەمی لە دایکبون (عبدالواحد، ٢٠١٣: ٥٠).

هەر لە چوارچێوەی قوتابخانەی دەرون شیکاریدا، زانا (ئەریک فرۆم Erich Fromm) هاوڕا لەگەڵ (فرۆید) پێی وایە دڵەڕاوکێ لای منداڵ پەیوەندیدارە بە پەیوەندی بە پتەوی پەیوەندی نێوان منداڵ و دایکی، منداڵ هەر لە ساتی بونییەوە پشت بە دایکی دەبەستێت بۆ تێرکردنی زۆرێک لە پێداویستییەکانی، تەنانەت گەر خۆشی توانای دابینکردنی هەندێکیانی هەبێت، ئەمەش بەو ئامانجەی کە گرنگیپێدان و خۆشەویستی و هاوسۆزی دایکی بەردەوام بێت و لەدەستی نەدات، هەر لێرەو دڵەڕاوکێ لای منداڵ دروست دەبێت لە ئەنجامی ئەو ململانێ ناوەکییەی کە لە نێوان پێویستی نزیک مانەوە لە دایک و، پێویستی سەربەخۆبون دا دێتەئاراوە (عائشة، 2019: ٢٥).

بەڵام (هۆرنی Karen Horney) پێیوایە دڵەڕاوکێی دابڕان بەهۆی وروژێنەرە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ژینگەی پێگەیشتنی منداڵەوە دروست دەبێت، وە ئەو دڵەڕاوکێیەی بۆ منداڵ دروست دەبێت لە کاتی چونی بۆ خوێندنگا، هۆکارەکەی گۆڕانی ژینگەکەیەتی لە ژینگەیەکی ئاشناوە بۆ ژینگەیەکی نوێ کە منداڵ پێی نامۆیە، هەمو گواستنەوەیەک و گۆڕینی ژینگەی منداڵ، منداڵ توشی پەستانی دەرونی و هەڵچون و شپرزەیی دەکات گەر هاتو یەکێک لە باوانی لەگەڵیدا نەبو، تەنانەت گەر بشزانێت بۆ ماوەیەکی کورت و کاتیشە. هەروەها نەبونی خۆشەویستی و هاوسۆزی و تەبای و، لێکترازانی خێزانیش کاریگەری هەیە لەسەر دروست کردنی دڵەڕاوکێ لای منداڵان، بەو پێیەی منداڵ ئەو متمانە بەخۆبونەی کە هەیەتی لە ناو خێزانەوە بەدەستی دەهێنێت، دواجار هەر ئەو متمانە بەخۆبونەیە یارمەتی گونجاندنی دەدات لەگەڵ ژینگەی نوێ و هەڵوێستە جیاوازەکان. هۆرنی پێیوایە دڵەڕاوکێ هەر لەساتی لەدایک بون و جیابونەوەی

منداڵ لە دایکەوە دەســت پێدەکات، و هەرکاتێکیش بێبەش بو لە ســۆز و خۆشــەویســتی باوان و خۆی بە تەنها بینییەوە هەمان هەستی لا دروست دەبێتەوە.

(ئانا فرۆید Anna Freud) بە یەکێک لە دیارترین ئەو شـــیکاریانە دادەنرێت کە خۆی تەرخانکردبو بۆ لێکدانەوەی ڕەفتاری منداڵ لە هەڵوێستەکانی دابڕان و، سـروشـتی پەیوەندی نێوان منداڵ و دایک لە کاتی دابڕاندا، لەگەڵ ســـبتیز رینە (R. Spitz) پێیانوایە گەر هاتو لە قۆناغی یەکەمی منداڵدا (کە لە یەکبونی بایەلۆجی دایک و کۆرپەدا خۆی دەنوێنێت) دابڕان ڕویدا، دڵەڕاوکێی دابڕان ڕودەدات. بەڵام گەر دابڕان لە قۆناغی دوەمی منداڵیدا (قۆناغی تێرکردنی پێداویستییەکان) ڕویدا، هەستکردن بە لەدەستدان ڕودەدات کە رینە بە خەمۆکی منداڵ ناوزەندی دەکات. گەر هاتو دابڕان لە قۆناغی سێهەمدا (دوانەی ویژدانی) دا ڕویدا، ئارەزوی کاولکاری و ڕوخاندن لای منداڵ دروســـت دەبێت. لە قۆناغی چوارهەم و پاشـــتر (قۆناغی بەردەوامی بابەت)دا منداڵ دەتوانێت بە شێوەیەکی بەش بەش بابەتەکە چارەسەر بکات.

نمونەی (میلانی کلاین Melanie Klein) یەکێکی دیکەیە لەو نمونانەی کە شـــیکردنەوەی بۆ دیاردەی دڵەڕاوکێی دابڕانی لای منداڵان کردوە، لای کلاین بابەتی دابڕان لە ســـەرەتای ژیانی دەرونییەوە دەســـت پێدەکات. (کلاین) ئاماژەی بۆ شـــتێک کرد بەناوی (ئامادەبونی دایک Presence of Mother) ئەو پێی وایە هەرچەنـدە هەســـتەکـانی منـداڵ چەخـت دەکەنەوە لەســـەر پەیوەنـدیـان لەگەڵ وێنەی دایکی شـیردەر(خۆراکپێدەر)، بەڵام چەند تایبەتمەندییەکی دیکەش هەیە کە دێنە ناو ئەو پەیوەندیە زوەوە، منداڵی شـیرەخۆرە کاردانەوەی هەیە بۆ پێکەنینی دایک و دەسـت و دەنگ و شـێوازی لە ئامێزگرتن و تێرکردنی پێداویستیە جیاجیاکانی (ناصر،٢٠١٧: ٤٩٠).

نمونەی (مارگرێت ماهڵەر M. Mahler) یەکێکی ترە لەو نمونانەی کە لێکدانەوەی کردبو لە بارەی ئەوەی کە چۆن منداڵی بچوک فێری هەسـتکردن بە دابڕان لە دایکی دەبێت، ئەم تێورەشـی لەسـەر بنەمای تێبینی کردنی کارلێکی نێوان دایک و منداڵەکەی بنیاد نابو، زۆر جەختی لەســـەر گرنگی پەیوەندی نێوان دایک و منـداڵەکەی دەکردەوە هەر لە لەدایـک بونەوە تـاوەکو تەمەنی دو مـانگی کە منـداڵ تێیـدا چۆتە قۆنـاغی (یەکبونەوە) کە لە هەست و هۆشیاندا دایک تەنها هۆکارێکی پڕکردنەوەی پێداویستیەکانە و، لە ماوەی (٢ بۆ ٥) مـانگی دەچنە قۆنـاغی دوهەمەوە کە قۆنـاغی (هـاوژیـانی)یەوە، کە منداڵ تێیدا بە تەواوی پشـــت دەبەسـتێت بە دایکی و، ئەمەش دەبێتە بنەمایەکی بەهێز بۆ گەشـە و سـەربەخۆبونیان لە داهاتودا، دایکانی زۆر هەســـتیار پاڵپشـــتی ئەم جۆرە پەیوەندیە دەکەن لەگەڵ منداڵەکانیاندا، بەڵام دایکانی ناهەســـتیار ئەو ئارەزوەی منداڵەکەیان بەدیناهێنن و دەبنە مایەی هەژاندنی منداڵەکەیان، گرنگترین کردەی دەرونی لەم قۆنـاغەدا دروســـت کردنی متمـانە و دابینکردنی ئـارامییە بۆ منـداڵ، ئەویش لە ڕێگەی دابینکردنی

پێداویستیەکان و بون بە سەرچاوەیەک بۆ پشت پێبەستن. هەروەها بە گشتی هەمو منداڵێک بە دڵەڕاوکێی دابڕاندا تێدەپەڕێت بەهۆی کاریگەری گۆڕانکارییەکانی گەشەوە (عبدالواحد، 2013: 45).

**دوەم: تیۆری مەعریفی:**

زانا (لازۆرس Lazarus) پێیوایە هۆکارە مەعریفییەکان ڕەگەزی بنەڕەتی و سەرەکی هەڵچونەکانن. لازرۆس دەڵێت چالاکییە هەڵچونییەکان دەرئەنجامی بڕیاردانی منداڵە لەبارەی هەڵوێستێکەوە گەر هاتو دڵەڕاوکێ بو، (نرخاندنی یەکەم) پێشکەش کردنی هەمو ئامرازە بەردەستەکان بۆ ڕوبەڕو بونەوەی ئەو مەترسیە، (نرخاندنی دوەم) پێکهاتەی دەرونی منداڵ و باری دەرونی منداڵ کە بیر و بۆچون و ئاڕاستە و ڕەفتارەکان دەگرێتەوە.

بەهەمان شێوە بە پێی تیۆری (ئەلێکس و بیک Beck & Alex) پێکهاتە و نەخشە مەعریفیەکان و کردەکانی بیرکردنەوەی نا کامڵانەی منداڵ، دەبنە هۆی ئەو دڵەڕاوکێیەی کە مایەی چەند بارەکردنەوەی لێکدانەوەی ڕوداوەکانن، کە ڕوداوی خۆش یا ڕوداوی ناخۆش و مەترسیدارن، منداڵ ناتوانێت بە شێوەیەکی هۆشمەندانە لێکدانەوەی بۆ بکات، بە شێوەیەکی گەورە دەیبەستێتەوە بەو وروژێنەرەی کە وەڵامی دەدەنەوە لەو کاتەدا، بەو پێیەی ژینگەی منداڵ لەکاتی دابڕانی لە دایکی ژینگەیەکی نەرێنییە و، دوبارەبونەوەی ئەم بارە نەرێنیەش دەبێتە مایەی دروست بونی دڵەڕاوکێ بۆ منداڵ، بە کورتیەکەی دڵەڕاوکێی دابڕان پەیوەندی بە گەشەی ژیریەوە هەیە، زۆر سروشتیە کە منداڵ ئەم دڵەڕاوکێیەی نەبێت تاوەکو ئەو کاتەی توانای (بەردەوامی شتەکانی Object Permanence) بۆ دروست نەبێت، بەو واتایەی ئەو کەسانەی کە دەڕۆن بونیان هەر بەردەوامە هەرچەند لەو کاتەشدا لەوێدا ئامادەنین لەبەرچاویدا، واتە منداڵ وێنەیەکی هزری جێگیر بۆ شتەکان دروست دەکات،پێش ئەم قۆناغەش منداڵ بە هیچ جۆرێک دڵەڕاوکێی دابڕانی نیە، چونکە لەگەڵ نەمانی هەستکردن بە بینین یا بیستن یا بەرکەوتنی شتەکان چی تر پەی بە بونیان نابات وەک ئەوەی هەر نەبوبێتن (عائشە،٢٠١٩: ٢٩).

**سێیەم: تیۆری فێربون:**

هەریەک لە (سۆرندایک Thorndike) و (بافلوف Pavlov) و (سکینر Skinner) کە لە دیارترین زانایانی تیۆری فێربونن، پێییان وایە فێربون واتە گۆڕان لە ڕەفتاری تێبینیکراودا لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی وروژێنەرە ژینگەییەکان، تیۆرەکەیان چەخت لەوە دەکاتەوە کە پەیوەست بونی منداڵ بە دایکەوە هۆکاری ڕودانی دڵەڕاوکێیە لای منداڵ، بە جۆرێک هەرچەندە دایک وروژێنەرێکی بیلایەنە بۆ منداڵ، بەڵام کاتێک خۆراک و پشو و ئارامی بۆ منداڵ پێشکەش دەکات دەبەسترێتەوە بەو وەڵامدانەوەی ئاسودەبونەی کە

منداڵ بەرامبەر وروژێنەرەکە هەیەتی، پاش چەندبارە بونەوەی ئەم پێکەوەبەستنە منداڵ بە تەواوی پەیوەست دەبێت بە دایکیەوە (عائشة، 2019: ٢٧).

هەروەها پێیان وایە کە ڕەفتاری منداڵ دەرئەنجامی دو هۆکاری سەرەکییە کە یەکەمیان پاڵنەرە بایۆلۆژییەکانە و، دوەمیان دەرئەنجامی کارلێککردنیەتی لە گەڵ وروژێنەرەکانی ژینگەی دەوروبەری، ئەم تیۆرەش هاوشێوەی تیۆرەکەی (بۆلبی) وا دەریدەخات ئەو هەستی ترس و دڵەڕاوکێیەی کە منداڵ بۆ مانەوەی دایک یاخود زو گەڕانەوەی دایک لە کاتی جێهێشتنیاندا ڕوبەڕوی دەبێتەوە، ڕەفتارێکی ڕەمەکی نیە، بەڵکو وەڵامدانەوەیەکی خۆگونجاندنە لەسەر بنەمای فێربون بە ڕێگەی پێکەوەبەستن و پەیوەستی. منداڵ فێردەبێت کە بونی دایک هاوکاتە لەگەڵ ئاسودەی و نەبونیشی هاوکاتە لەگەڵ بێزاری و ناخۆشی، بەم شێوەیە منداڵ فێردەبێت نەبونی دایک ببەستێتەوە بە بێزاری و ناخۆشی و برسێتی و چەند کەم و کوڕییەکی ترەوە، بەمەش دڵەڕاوکێی دابڕانی لە دایکی بۆ دروست دەبێت جا دابڕانەکە بەڕاستی ڕوی دابێت یاخود چاوەڕوانی ڕودانی بکات (سلیمان، ٢٠٠٣: ٢٠).

## چوارەم: تیۆری پەیوەستی و پێکەوەبەندی:

ئەم تیۆرە گرنگی بە لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان منداڵ و دایک دەدات، هاوشان لەگەڵ سروشتی ئەو پەیوەندییەی نێوانیان و کاریگەری لەسەر تەندروستی دەرونی وجەستەیی و هەڵچونی وعەقڵی منداڵ لە قۆناغەکانی دواتردا، (جۆن بۆلبی John Bowlby) جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕەفتاری پەیوەست بون لای مرۆڤ بە درێژایی ژیان بەردەوامە جیاواز لە بونەوەرانی دیکە کە تەنها لە قۆناغی منداڵیدا ئەم پەیوەستیەیان هەیە، منداڵ لە ڕێگەی نزیک بونەوەی جەستەییەوە ئەم پەیوەستیە لەگەڵ دایکیدا دروست دەکات لە قۆناغی کۆرپەیدا و، بەهیچ شێوەیەک نایەوێت لێی جیا بێتەوە، بەڵام لەگەڵ گەورەبوندا دەبینین دورکەوتنەوە ڕودەدات بە ئامانجی تێرکردنی پێداویستییەکانی سەربەخۆبون و دۆزینەوەی خود، بەڵام هێشتاش لە کاتی هەستکردن بە مەترسی دا بە خێرای دەگەڕێتەوە بۆ لای دایکی، بەو پێیەی سەرچاوەی ئاسایش و خۆشەویستی و دڵنیایی و سەرچاوەی تێرکردنی پێویستیە فیزیکییەکانیەتی.

(بۆلبی) لایەنە سەرەکیەکانی ڕەفتاری پەیوەستی لای منداڵ لە ڕەفتارەکانی مژین و خۆپیاهەڵواسین و تێربون و گریان و پێکەنین دا وێنادەکات، هەمو ئەمانەش بە شێوەیەکی ڕێکخراو کار لەسەر ئەوە دەکەن کە منداڵ لە نزیک دایک بمێنێتەوە، بەو پێیەی دایک لە ڕوی بایەلۆژییەوە ساز و بە توانایە بۆ وەڵامدانەوەی وروژێنەرەکانی کۆرپەکەی، وە لە بەرامبەریشدا منداڵ وەڵامدانەوەی هەیە بۆ بینین و بیستن و بەرکەوتنی لەگەڵ دایکی، بەمەش لە ئەنجامی ئەو سیستەمە بایەلۆژیەی کە هەیە پەیوەندییەکی دوسەرەی ئاڵوگۆڕی لە نێوان دایک و منداڵدا دروست دەبێت (ناصر، ٢٠١٧: ٤٩١).

(بۆلبی) پێیوایە کە کردەی پەیوەســـت بون کاریگەریەکی گرنگ و دوری هەیە لەســـەر توانای دابڕان لای منداڵ وەک بونەوەرێکی ســـەربەخۆ لە قۆناغەکانی گەشـــە لە داهاتودا کە خودی خۆی ئاراســـتە دەکات، وەگەر هاتو منداڵ لەم قۆناغەدا ســـەرکەوتو نەبو لە دروســـتکردنی پەیوەندیە هەڵچونی و کۆمەڵایەتییەکان بە شـــێوەیەکی پتەو و دروســـت لەگەڵ هەندێک لە تاکەکانی کۆمەڵگاکەیدا، ئەوە مەحاڵە متمانە و توانای پێویســـتی بۆ گەشـــەی تەندروســـت لە قۆناغەکانی داهاتودا بەدەســـت بهێنێت، هەربۆیە ئەو منداڵانەی کە هەست بە پەیوەستیەکی دروست دەکەن لەگەڵ باوانیاندا، بە شێوەیەکی باش مامەڵە لەگەڵ کردەی دابڕان لە باوانیان دەکەن، بە پێچەوانەی ئەوانەیانەوە کە پەیوەســـتیەکی نادروســـتیان لەگەڵ باوانیاندا هەیە، کە کاردانەوەی ڕاستەوخۆی دوای دابڕانیان دڵەڕاوکێیە (عائشة، 2019: ٢٦).

(بۆلبی) ڕەفتاری منداڵ لە دوای دابڕانی لە دایکی دابەش دەکات بۆ سێ قۆناغ کە ئەوانیش:

1- قۆناغی بەرهەڵستیکردن کە منداڵ هەوڵی بەدەست هێنانەوەی دایکی دەدات (یەکەم قۆناغی دڵەڕاوکێی دابڕانە).

2- قۆناغی بێ هیوابون (قۆناغی غەمگینی).

3- قۆناغی کۆتایش (قۆناغی بەرگری) قۆناغی نەمانی پەیوەســـتی منداڵە بە دایکیەوە بەهۆی بەردەوامی نەمانی پەیوەندی لەگەڵیدا (قنطار، ١٩٩٢: ١٧٤).

هەر لەم چوارچێوەیەشـــەوە توێژەر تێڕوانین و لێکدانەوەی بۆ دیاردەی دڵەڕاوکێی دابڕان و ئەنجامی توێژینەوەکەی دەخاتەڕو.

**ڕێگاکانی چارەسەرکردنی دڵەڕاوکێی دابڕان:**

بەهۆی جۆراوجۆری هۆکارەکانیەوە ڕێگەکانی چارەســـەرکردنی گرفتی دڵەڕاوکێی دابڕان جیاواز و هەمەچەشـــنە، بە گشـــتی پســـپۆڕان بەکارهێنانی زیاتر لە ڕێگایەک بە گونجاوترین دەزانن، ئەمە وێڕای چەختکرنەوە لە بەشـــدارییپێکردنی باوان لە کردەی چارەســـەریەکەدا، لە گرنگترین ئەو ڕێگایانەش کە بۆ چارەسەرکردنی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵان بەکاردێن بریتین لە:

## 1. چارەسەری دەرونی:

ئامانجی چارەســـەری دەرونی تێگەیشـــتنە لەو گۆڕانکاریە دەرونییەی کە دەبنە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی، کارکردن لەسەر بەهێزکردنی (من Ego) بۆ بەرگەگرتنی هەڵوێستەکانی پەیوەست بون لای منداڵ، ئەمەش لە ڕێگەی ئەنجامدانی دو بۆ ســـێ دانیشـــتنی دەرونی لە ماوەی هەفتەیەکدا، لە پێناو تێگەیشـــتن لە باری نەستی و ئەو دەرکەوتانەی کە منداڵ پێوەی گیرۆدەیە، بەکارهێنانی شێوازەکانی هێورکردنەوە و پشوپێدان

بۆ کەمکرنەوەی ئاست و توندی نیشانە و دەرکەوتەکانی ئەرکی چارەسەرکاری دەرونی دەبێت لە ماوەی دانیشتنەکاندا (سليمان، 2003: 25).

## 2. چارەسەری ڕەفتاری:

ئەم شێوازە لە چارەسەری پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی ڕێسا و تیۆرەکانی فێربون، کە خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵێک پیلان و بەرنامەی تایبەت بۆ گۆڕینی ڕەفتارە نەخوازراوەکان لە ڕێگەی ڕاستکردنەوە و پەرەپێدانی ڕەفتاری خوازراو لە جێگەیان. ئەم شێوازە لە چارەسەری چەخت دەکاتەوە لە سەر پەیوەندی نێوان شێوازی ڕەفتار و ئەو وروژێنەرە دەرەکییەی کە هۆکاری ئەو جۆرە ڕەفتارەن. لە ڕوانگەی بیرمەندانی قوتابخانەی ڕەفتارییەوە، ڕەفتاری ناساز وەرگیراوە و ڕەفتارێکی ڕەسەن نییە بەڵکو خاوەنەکەی لە ژینگەی دەرەوەیی وەریگرتوە، هەربۆیە دەنوانرێت بسڕێتەوە و لە بری ئەوە ڕەفتاری خوازراو فێری خاوەنەکەی بکرێت (الزعبي، 2005: 94).

## 3. چارەسەری مەعریفی:

ئەنجامدانی گفتوگۆ و پێشکەشکردنی ڕونکردنەوەیە لە بارەی گرنگی سەربەخۆبون و ناڕاستی ئەو بیرۆکانەی کە منداڵ دەربارەی جیابونەوە لە ماڵ و خێزانەکەی هەیەتی، کە گوایە بە دابڕانی لێیان توشی مەترسی و ڕوداوی ناخۆشی دەکات، یاخود دایک و باوکی توشی کارەسات و لە ناوچون دەبن و جارێکی دیکە نایانبینێتەوە، قایلکردنی منداڵە بەوەی کە چەندەها منداڵ ڕۆژانە دەچن بۆ باخچە و لە باوانیان دادەبڕێن، هیچ شتێکی ناخۆش و مەترسیدار ڕونادات و دواتر لە گەڵ باوانیان یەکدەگرنەوە، دەبێت بە نمونەوە بۆی باسبکرێت کە ئەو تاکە منداڵ نییە کە ڕوبەڕوی ئەو دۆخ و هەڵوێستە دەبێتەوە بەڵکو هەمو منداڵێک بەو قۆناغەدا تێدەپەڕێت و بە بێ هیچ ناخۆشییەک دەیگوزەرێنێت.

پزیشکی دەرونی ئارون بیک (Aaron T. Beck) لە پێشەکی پەرتوکی (چارەسەری مەعریفی) کە جودیس بیک دەربارەی ئەو جۆرە لە چارەسەری نوسیویەتی، دەڵێت: بە گویرەی ئەو شارەزاییە کلینیکیەی کە هەمە و، بە پشت بەستن بە زۆرێک لە توێژینەوەکان بۆم دەرکەوتوە کە کێشەیەکی جەوهەری هەیە لە بیرکردنەوەی گرفتارانی نەخۆشییە دەرونیەکانی وەک دڵەڕاوکێ و خەمۆکی، هەر ئەم کێشەیە لە بیرکردنەوەدا بە شێوەیەکی بەرنامەی کاردەکاتە سەر ئەوەی کە نەخۆش چۆن لە نەخۆشیەکەی تێدەگات و، چۆن لێکدانەوە بۆ ئەو هەڵوێستە دیاریکراوانەی ژیانی دەکات کە پێیدا تێدەپەڕێت، بە دیاریکردنی ئەو بیرۆکە هەڵەیە و ڕاستکردنەوەی لە ڕێگەی پێشکەشکردنی کۆمەڵێک دراوی نوێوە بە واتای گریمانە و لێکدانەوەی نوێ و جیاواز بۆ ئەزمونێکی دیاریکراو- دەتوانین بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە نیشانە و دەرکەوتەکانی کەمبکەینەوە (بيک، 2007: 11).

### 4. چارەسەری خێزانی:

ئەم جۆرە لە چارەسـەری لەو بنەمایەوە سـەرچاوە دەگرێت کە بارگرانی و تەنگەژەکانی تاک و خێزان بەو پێیەی کە یەکەیەکی گشتی و لێک دانەبڕاوە لە چوارچێوەی ژیانی هاوبەشی تاک و خێزانەوە گەشە دەکات و بەردەوام دەبێت، هەربۆیە کارکردن لە چوارچێوەی چارەسـەری خێزانیدا لەگەڵ خێزان وەک یەک پێکهاتە، کاریگەری تەواوی دەبێت لە دروستکردنی گۆڕانکاریە مەبەستەکاندا (المؤمن، 2004: 26).

بەشـداریکردنی خێزان بە تایبەت دایک و باوک لە کردەی چارەسـەرکردنی دڵەڕاوکێی دابڕاندا یەکێکی دیکەیە لە شـێوازەکانی چارەسـەری، کە خۆی دەبینێتەوە لە هاندانی دایک و باوک بۆ فەراهەمکردنی هەلی زۆرتر بۆ سـەربەخۆبونی منداڵەکانیان و، هاندانیان بۆ جیابونەوە و دروسـتکردنی شـوناس و چالاکی و بیرۆکەی تایبەت بە خۆیان، دورکەوتنەوە لە شێوازە ناپەروەردەییەکانی وەک زیادەڕویکردن لە نازپێدان و پاراستن و سزادان و سەرکۆنەکردن لە کردەی پەروەردەکردنی منداڵدا.

### 5. چارەسەری دەرمانی:

هەندێک لە پسـپۆڕان چارەسـەرکردنی دەرمانی بە یەکێک لە ڕێگە بەسـودەکانی چارەسـەری دادەنێن لە چارەسەرکردنی دڵەڕاوکێی دابڕاندا، بەڵام بەو مەرجەی لە چوارچێوەی پلانێکی چارەسەریدا بێت. دەرمانی دژەخەمۆکی و هێورکەرەوەکان وەک چارەسـەرێک دەتوانرێت بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵ سـودیان لێوەربگیرێت (سـلیمان، 2003: 25) و، زۆر گرنگە کەمکردنەوە و زۆرکردنی بڕی دەرمانەکان لە ژێر چاودێری پزیشـکی پسـپۆڕدا بێت. هەرچەندە پزیشـکەکان ئاماژەیان نەداوە بە چاکبونەوەی تەواوەتی لە ئەنجامی بەکارهێنانی دەرمانەکانەوە، بەڵکو پێیان وایە بە تەواوی کاردەکاتە سەر کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و شپرزەیی لای منداڵان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت کاریگەریە نەرێنییەکانی وەک ئالودەبون و کاریگەریە لابەلاکانی نادیدە بگیرێت (المؤمن، 2004: 26).

### منداڵ و باخچەی منداڵان

قۆناغی منداڵی کە لە سـەرەتای لە دایک بونەوە دەسـت پێ دەکات تاوەکو تەمەنی (١٨) سـاڵی،قۆناغێکی گرنگ و چارەنوس سـازی ژیانی مرۆڤە کە لەسـەر بنەمای گەشـە سـاڵانی تەمەن لە لایەن بیرمەند و پسپۆڕانەوە چەند شێوازێک دابەشکردنی بۆ کراوە بۆ چەند ماوەیەکی یەک لە دوای یەکی پێکەوە بەستراو کە دەبنە بناغەی پێکهێنانی کەسـێتی مرۆڤ، یەکێک لەو پۆلێنانەش کە بۆ ئەم قۆناغەکراوە بەم شـێوەیە ماوەکانی دیاریکردوە :

1. قۆناغی پێش لەدایکبون (Before Born): ئەم قۆناغە هەر لە ساتی پیتاندنی هێلکە لە ناو هێلکەدانی دایکەوە دەســـــت پێدەکات تاوەکو ئەو کاتەی لە دایک دەبێت و دێتە جیهانی دەرەوە، منداڵ لەم قۆناغەدا پشـــتی تەواو بە دایکی دەبەســـتێت و تاوەکو دوای لەدایک بون بە شـــێوەیەکی ڕێژەی سەربەخۆی وەردەگرێت.
2. قۆناغی شـــیرەخۆری (Sucking Stage): ســـەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆرپەلە دەگرێتەوە، لە دایکبونەوە دەست پێدەکات تاوەکو تەمەنی دو ساڵی.
3. قۆناغی منداڵی بەرایی (پێش خوێندنگا) (Pre-School Education): ئەم قۆناغە سەرەتای تەمەنی ســێ ســاڵیەوە دەســت پێدەکات تاوەکو کۆتایی تەمەنی پێنج ســاڵی بەنزیکەیی ئەم قۆناغە بەوە جیا دەکرێتەوە کە کردەی گەشە تێیدا لە ئاستێکی دیار و بەرچاودایە.
4. قۆناغی منداڵی ناوەندی (Middle Adolescences Stage): ئەم قۆناغە لە تەمەنی شـــەش ســـاڵییەوە تا کۆتایی دوازدە ســـاڵی دەســـتپێدەکات، هەروەک لەم قۆناغەدا گەشـــە ئاســـایی دەبێت لەسەرجەم لایەنەکانەوە.
5. قۆناغی منداڵی دواکەوتو ( Late Adolescences Stage): لەتەمەنی سیازدە ساڵییەوە دەست پێدەکات تاوەکو تەمەنی هەژدە ساڵی، هەروەک ئەم قۆناغە بە تەواوکەری گۆڕانکاریە بایۆلۆجییەکان دادەنرێت (اوشریف، ٢٠١٧: ٣١٣).

### قۆناغی منداڵی بەرایی (منداڵی باخچە):

ماوەیەکی گرنگی ژیانی تەمەنی منداڵییە، کە کاریگەری لەسەر دروست بونی کەسێتی مرۆڤ و پەرەپێدانی توانا و ئامادەگیەکانی هەیە، هەروەک ناوی دەنێن قۆناغی فێرکردنی پێش خوێندنگا یاخود باخچەی منداڵان. منداڵ لەم قۆناغەی تەمەنیدا دەســت دەکات بە دروســت کردنی ســازان و گونجاویەکی دروســت لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا، هەروەک ئەم قۆناغە گاریگەری دەبێت لەســـــەر ڕەفتاری منداڵ لە دواتردا و لەبەر ئەوەی ئەو ڕەفتارەی لە منداڵیدا فێری دەبێت و وەری دەگرێت، گۆڕینی ئاســـــان نابێت و دەبێتە شــێوازێکی جیاواز لە ڕەفتاری تاک و، ئەو بناغە پتەوەی کە لە داهاتودا کەســێتی لەســەر بنیات دەنرێت (عبدالحمید، ٢٠١٩: ٢٩٨).

### تایبەتمەندییەکانی منداڵی باخچە:

لە گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەی کە منداڵی قۆناغی بەرایی پێ دەناســرێتەوە، تایبەتمەندییەکانی گەشــەیە، بەو پێیەی لەم قۆناغەی تەمەنی منداڵدا گەشەی سەرجەم لایەنە جیاجیاکانی کەسێتی منداڵ گۆڕانکارییەکی خێراو تێبینی کراو بە خۆیەوە دەبینێت هەر چەند بە بەراورد بە قۆناغی پیش خۆی کردەی گەشـــەکردن

هێواشــتر و خێرای کەمترە، بە شــێوەیەکی تەواوکاری و تێکهەڵکێشــراو هەریەکەیان کاریگەری لەســەر ڕەوتی بەرەو پێشچونی گەشەی لایەنەکانی دیکە هەیە، گەشە کۆمەڵێک لایەنی جیاجیا لەخۆدەگرێت کە لە ڕاستیدا بریتین لە لایەنە جیاجیاکانی کەسێتی تاک، کە ناتوانرێت لە یەکتری دابڕێنرێن تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە نەبێت، چونکە تاک بونەوەرێکی لێکدانەبڕاوە و هەر گۆڕانێک لە قۆناغێکی گەشەی دیاریکراودا ڕوبدات کاریگەری دەبێت لەسەر قۆناغی دواتر، بۆیە دەتوانین گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژە پێبدەین:

### 1. گەشەی جەستەیی:

یەکەم دەرکەوتنی تێبینیکراو لە دەرکەوتەکانی گەشــەکە باوان گرنگییەکی زۆری پێدەدات و بە وردی چاودێری بەرەوپێشچونی دەکات گەشەی جەستەییە، بەو پێیەی زۆر ڕون و ئاشکرا و تێبینی کراوە لەگەڵ بەرەوپێشچونی تەمەنی منداڵدا، کە خۆی لە بەرزبونەوەی باڵا و زۆربونی کێشدا دەنوێنێت.

گەشــەی جەســتەیی لای منداڵانی قۆناغی بەرایی جیاواز و گۆڕاوە بە گوێرەی بەشــە جیاجیاکانی جەســتە، ئێسک و ماسولکەکان بە ئاستێکی زۆرتر گەشە دەکەن و بەردەوام دەبن لە گەشە کردن، بەتایبەتی لە باڵا و لە پەلەکاندا و شێوەی منداڵ تا ڕادەیەک بەرەو ڕێکخستنێکی زیاتر دەچێت، بە جۆرێک لە تەمەنی شەش ســاڵیدا ڕێژەی گەشــەکردوی بەشــە جیاجیاکانی لەش بە بەراورد بە یەکتری وەک ئەوەی لێدێت کە لە جەســتەی مرۆڤێکی پێگەیشــتودا دەبینرێت. وە بارســتایی لەشــی منداڵیش لەم قۆناغەدا بەشــێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ گەشەی ماسولکە و ئێسکەکان لە کاتێکدا لە قۆناغەکانی پێشوتردا بەشی زۆری بارستەی منداڵ دەگەڕایەوە بۆ ئەو چەورییەکانی جەســتەی، هەر لە کۆتایی ئەم قۆناغەشــدا ددانە شــیرییەکان دەگۆڕێن بۆ ددانی هەمیشــەیی (ملال و كبداني، 2017: 103)، لە گرنگترین پێداویســتییە ســەرەکییەکانی گەشەی جەستەیی و فیسیۆلۆجی بریتین لە پێاویستییەکانی خواردن و خواردنەوە و خەوتن و پشودان و دەرکردنە دەرەوەی پاشەڕۆ زیادەکانی لەش (الطيب و الأخرون، 1992: 22).

### 2. گەشەیی جوڵەیی:

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە جوڵەییەکانی منداڵ لەم قۆناغەدا بەردەوام نەبونیەتی لەیەک جۆر چالاکی، بەڵکو تینویەتی منداڵ بۆ جوڵە و چالاکی وا دەکات کە زۆرێک لە جوڵەکانی ئەنجامدار نەبن، هەر ئەمەش وادەکات لە چالاکییەکەوە بۆ چالاکییەکی دیکە جوڵەکانی بگۆڕێت بە شێوەیەکی زۆر خێرا.

زۆرێک لە توێژینەوەکان ســەلماندویانە کە گەشــەکردنی کۆئەندامی دەمار و ماســولکەکان و شــارەزای و ئەزمونەکانی ناو کۆمەڵگا کاریگەرییەکی تەواویان هەیە لە ســەر گەشــەکردنی جوڵەیی لای منداڵ، ئەمەش

پشـــتڕاســـتی دەکاتەوە کە لایەنەکانی گەشـــە کاریگەری تەواویان لەســـەر یەکتری هەیە و هیچ کامیان بێ ئەوانی دیکە ناتوانێت بە ڕێکارە دروست و سروشتییەکەی خۆیدا بڕوات (الطیب و الأخرون ،1992:22).

## 3. گەشەی ژیریی:

زانای دەرونی جان پیاجە (Piaget) پێیوایە منداڵ لە تەمەنی دو ســـاڵی بۆ حەوت ســـاڵی بە قۆناغێکدا تێدەپەڕێت کە ئەو ناوی ناوە (قۆناغی پێش کردە واقعییەکان) کە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی منداڵ لەو تەمەندا بریتی دەبێت لە (چڕبونەوە لە دەوری خود) بەو مانایەی کە منداڵ توانای جیاکردنەوەی تێڕوانینە خودیەکانی خۆی نییە لە تێڕوانینی کەســـانی دیکە، هەربۆیە وا هەڵســـوکەوت دەکات وەک ئەوەی ئەوانی دیکە بە هەمان تێگەیشـــتنی ئەو لە جیهانی دەوروبەری ئەو تێدەگەن. گەشـــەی ژیری و عەقڵی منداڵ لەم قۆناغەدا پەرەســـەندنێکی زۆر خێرا بەخۆیەوە دەبینێت و کۆمەڵێک کردەی عەقڵی نوێ لەم قۆناغەدا بۆ منداڵ دروست دەبێت وەک کردەکانی پەیبردن، بیرهاتنەوە، بە ئاگابون، ئەندێشەکردن و بیرکردنەوە.

## 4. گەشەی زمانی:

گەشـــەی زمانی منداڵ لەم قۆناغەدا خۆی لە پەرەســـەندنێکی خێرا و زۆربونی چەمک و زانیاریەکاندا دەبینێتەوە، کە منداڵ بەکاریان دەهێنێت و چەندە تەمەنی بەرەو پێش بچێت ڕســـتەکانی دور و درێژتر و ئاڵۆزتر دەبێت، لە تەمەنی ســێ ســاڵیەوە منداڵ دەســت دەکات بە بەکارهێنانی ڕســتەی پێکەوە بەســتراو و بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی و جێناو و ئامرازەکانی پرس و ســـەرســـوڕمان، ئەم دارشـــتنە زمانەوانیانەی منداڵ وردە وردە بەرەو زۆری و هەمەچەشـــنی و قوڵبونەوەی زیاتر دەڕوات (أبو زید، 2011: 45).

## 5. گەشەی هەڵچونی:

لە قۆناغی منداڵی بەراییدا هەڵچونەکانی منداڵ زۆرتر لە دەوری خودی خۆی چڕدەبێتەوە، کە دیارترینیان بریتین لە شـەرمکردن، هەسـتکردن بە تاوان، هەسـتکردن بە کەمی، متمانەکردن بە خود و لە سـەرو هەمو ئەمانەشـەوە هەسـتی ترس و توڕەیی و ئیرەیی بردنە، کە بە شـێوەیەکی گشـتی کاریگەریەکی نەرێنییان لە سـەر منداڵ هەیە، بەتایبەت کاتێک کە گەورەکانیش نەزانن چۆن مامەڵەی گونجاوی لەگەڵدا بکەن، بۆ نمونە هەندێک جار پشـــتگوێی دەخەن یا خود بە توندی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، و یاخود بۆ بەرگرتن لێی هەڵدەستن بە دابینکردن و جێبەجێکردنی هەمو داواکاریەکانی منداڵ، کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی منداڵ فێری بەکارهێنانی ئەو هەڵچونانە ببێت بۆ بەدیهێنانی هەمو مەرامەکانی خۆی کە ڕەنگە هەندێک جار سەربکیشێ بۆ هەندێک ڕەفتاری نەرێنی وەک شەڕانگێزی و لاساری (علي، 2018: 10).

ڕەفتارە هەڵچونییەکان بەشـــێوەیەکی یەک لە دوای یەک لە قۆناغی بەرایدا گەشـــە دەکات و وەڵامدانەوە هەڵچونییەکان وردە وردە لێکجیادەبنەوە و تایبەتمەند دەبن، هەروەها وەڵامدانەوە هەڵچونییە زارەکی و گۆکراوەکان جێگای وەڵامدانەوە جەستەییەکان دەگرنەوە، هەروەها لە پاش گەیشتن بە تەمەنی پینج ساڵی منداڵ بەرەو ئەوە دەڕوات کە جڵەوی زیاتری هەڵچونەکانی بکات و سـەرەتاکانی جێگیربونی هەڵچونەکانی منداڵ بێتە ئاراوە (اسماعیل ، 1995: 32).

## 6. گەشەی کۆمەڵایەتی:

بێگومـان خێزان کـاریگەری هەیە لە دروســـت کردنی ڕەفتـاری کۆمەڵایەتی منـداڵ لە ڕێگەی کردەی پێگەیاندنیی کۆمەڵایەتییەوە، کە بە چەند قۆناغێکی تێکەڵاوی پێکەوە بەستراودا تێدەپەڕێت، لەو ڕێگایەشەوە منداڵ ئەو ڕەفتار و نەریتانە وەردەگرێت کە خێزانەکەی هەڵیانســـەنگاندوە، چونکە منداڵ ئارەزوی ئەوە دەکات کە پەسەندکراو بێت و لە لایەن دەورو بەریەوە قبوڵکراو بێت و بەپێچەوانەی ئەوەوە کاتێک هەست بکات ناپەســـەند و ڕەتکراوەیە دوچاری تەنهایی و دورەپەرێزی گرفت دەبێت لە هاوڕێگرتندا، لە گرنگترین پێکهاتە کاریگەرەکانی کردەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیش بریتین لە پاداشت و سزا و تێبینی کردن و لاسایی کردنەوە. شـایەنی باســە هاوشـان لەگەڵ ئەم گەشــە کۆمەڵایەتییە و پێویسـتبونی بە هاوەڵ و هاوڕێ بۆ یاریکردنەدا هەر لەم قۆناغەدا منداڵ هەستی خودگەرایی و پشت بەخۆبەستن و سەربەخۆبونی بۆ دروست دەبێت (خضر و أبراهیم، 2013: 373).

### توێژینەوەکانی پێشو:

توێژینەوەی (ریاض و عیاط:٢٠٢١) بە ناونیشـــانی (بەرنامەکانیماڵتی میدیا بۆ پەرەپێدانی هۆشـــیاری تەندروستی و کاریگەری لەسەر پێکەوە ژیانێکی ئاسایش لای منداڵانی باخچە لە سایەی پەتای کۆرۆنادا). ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بو لە دیاریکردنی ئەو ڕەهەندانەی هۆشـــیاری تەندروســـتی کە پێویســـتە لە قۆناغی باخچەدا پەرەی پێبدرێت هاوشـــان لەگەڵ ڕەهەندەکانی پێکەوەژیانی ئاســـیش و پارێزراو. میتۆدی توێژینەوەکە بریتیبو لە میتۆدی ئەزمونی، ئامرازەکانی توێژینەوەکەش بریتی بون لە کۆمەڵە بڕگەیەک لە هۆشـــیاری تەندروســـتی و پێکەوەژیانی ئاســـایش، ئامادەکردنی ڕێنوێنێکی بەکارهێنانی مەڵتی میدیا بۆ مامۆستایان. هەروەها سامپڵی توێژینەوەکەش بریتی بو لە (٤٠) مندالی کوڕ و کچ لە ئاستی دوەمی باخچە. کە دابەشـــکران بۆ هەردو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵ. پاش جێبەجی کردنی بەرنامەکە و ئەنجامدانی هەردو تاقیکردنەوەی پێشـــەکی و کۆتایی، توێژەر گەیشـــتبوە ئەو ئەنجامەی کە بەکارهێنانی مەڵتی میدیا کاریگەرییەکی گەورەی هەبو لە پەرەپێدانی هۆشـیاری تەندروسـتی و پێکەوە ژیانی ئاسـایش لای منداڵانی باخچە لە سەردەمی پەتای کۆرۆنادا.

توێژینەوەی (حمید و السماحي:٢٠٢٠) بە ناونیشانی (کاریگەری بەرنامەی کارلێکی پێشنیارکراوی مەڵتی میدیای بنیادنراو لەسەر (کۆنترۆڵ کردن لەڕێگەی بەرنامەوە – کۆنترۆڵکردن لە ڕێگەی ڤیدیۆوە) لە پەرەپێدانی هۆشیاری تەکنەلۆژیا لای منداڵی باخچە). ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە پێوانەکردنی کاریگەری بەرنامەی مەڵتی میدیای کارلێکی پشت بەستو بە کۆنترۆڵ کردن لەڕێگەی بەرنامەوە و کۆنترۆڵ کردن لە ڕێگەی ڤیدیۆوە لە پەرەپێدانی هۆشیاری تەکنەلۆژیا لای سامپڵێکی هەڕەمەکی لە منداڵانی باخچە کە ژمارەیان (٤٠) منداڵ بو، بە پشت بەستن بە میتۆدی ئەزمونی و ئامرازەکانی وەک پێوەری هۆشیاری تەکنەلۆژی و تاقیکردنەوەی هۆشیاری تەکنەلۆژی لای منداڵی باخچە دوای جێبەجێکردنی بەرنامەی مەڵتی میدیای کارلێکی. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستوە کە بە کارهێنانی مەڵتی میدیا کاریگەری هەیە لە سەر تاقیکردنەوەی پاشەکی منداڵان لە پێوەری هۆشیاری تەکنەلۆژیدا و لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی. هەروەها لە تاقیکردنەوەی پاشەکیشدا (کۆنترۆڵ کردن لەڕێگەی بەرنامەوە) کاریگەرییەکانی زیاتر بو لە سەر منداڵانی گروپی ئەزمونی لە پێوەری هۆشیاری تەکنەلۆژیدا.

توێژینەوەی (منصور: ٢٠١٨) بە ناونیشانی (بەرنامەیەکی پێشنیارکراو بۆ پەرەپێدانی ڕۆشنبیری گەشتوگوزار لای منداڵی پێش خوێندنگا بە بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لە ژێر ڕۆشنای ئاراستە جیهانییە نوێیەکان). ئامانجی توێژینەوەکە دروست کردنی لیستێک بو لە چەمکە ڕۆشنبیریە گەشتوگوزارییە گونجاوەکان بۆ منداڵی پێش خویندنگا، دانانی تێڕوانینێکی پێشنیارکراو بۆ بەرنامەیەکی مەڵتی میدیا بە مەبەستی پەرەپێدانی ڕۆشنبیری گەشتوگوزاری لای منداڵی پێش خوێندنگا. بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر میتۆدی وەسفی و میتۆدی شێوە ئەزمونی بەکارهێنابو لەگەڵ ئامرازەکانی توێژینەوەی وەک کۆمەڵێک لەو چەمک و زانیاریانەی پەیوەندی بە ڕۆشنبیری گەشتوگوزارەوە هەبو، لەگەڵ تاقیکردنەوەیەکی وێنەداری تایبەت بەو مەبەستە و بەرنامەیەکی پەرەپێدان لەو بەرەیەوە بە بەکارهێنانی مەڵتی میدیا. سامپڵی توێژینەوەکە بریتی بو لە منداڵانی باخچەی یەکێک لە خوێندنگاکانی فێرکاری بنەڕەتی لە پارێزگای (جیزە). لە ئەنجامدا توێژینەوەکە ئەوەی خستۆتە ڕو کە بەکارهێنانی بەرنامەیەکی پێشنیارکراو بە بەکارهێنانی مەڵتی میدیا کاریگەری هەیە لە سەر پەرەپێدانی ڕۆشنبیری گەشتوگوزار لای منداڵانی پێش خویندنگا ئەمەش پاش بەراوردکردنی نمرەی بەدەستهاتو لە لای گروپی ئەزمونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و تاقیکردنەوەی کۆتای.

توێژینەوەی ( Liza L.Quimson،Lorrybella G.Ruar : ٢٠١٨) بە ناونیشانی (بڵاوبونەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لە نێو منداڵانی باخچە، فێرخوازانی کەرتی کۆیابوی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)، ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی ئاستی بڵاوبونەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان بوە لای خوێندکارانی باخچەی منداڵان. سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە (١٠٣) منداڵ. میتودی توێژینەوەکەش میتۆدێکی وەسفی بو، ئامرازی

توێژینەوەكەشـی بریتیبو لە ڕاپرسـی ڕوپێوی. لە ئەنجامی توێژینەوەكەدا دەركەوت دڵەڕاوكێی دابڕان لای منداڵانی باخچە بەربڵاوە، گۆڕاوەكانی كەسـێتی و پیشـەی باوان و ڕیزبەندی منداڵ كاریگەریەكی زۆری هەیە لە سـەر بڵاوبونەوەی دڵەڕاوكیی دابڕان لای فێرخوازانی باخچە. و لە سـەروی ئەمەشـەوە (ڕەتكردنەوەی چونە خوێندنگا) یە كێكە لە مەترسـیدارترین كێشـەكانی ئەو منداڵانەی كە بەدەسـت ئەم دڵەڕاوكێیەوە دەناڵێنن (لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە).

توێژینەوەی (كبداني و ملال: ٢٠١٧) بە ناونیشـانی (كێشـە دەرونی و ڕەفتارییەكان لای منداڵانی باخچە، دڵەڕاوكێی دابڕان وەك نمونە). ئامانجی توێژینەوەكە بریتیە لە وەڵامدانەوەی پرسـەكانی ئایا پەیوەندی كردنی منداڵ بە باخچەی منداڵانەوە دەبێتە هۆی دەركەوتنی دڵەڕاوكێی دابڕان ؟ كامانەن گرنگترین ئەو نیشـانانەی كە ئاماژەن بۆی ؟ میتۆدی توێژینەوەكە میتۆدی وەسـفی بوە و ئامرازەكانیشـی بریتی بون لە چاوپێكەوتن و تۆڕیكی تایبەت بە تێبینی كردنی دڵەڕاوكێی دابڕان. وە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەكە توێژەر هەسـتا بە ئەنجامدانی توێژینەوەی بار بۆ (٦) منداڵ (٢ كوڕ و ٤ كچ) وەك سـامپڵی توێژینەوەكەی. ئەنجامی توێژینەوەكەش دەریخسـتبو پەیوەندی كردن بە باخچەی منداڵانەوە دەبێتە هۆی دروسـت بونی دڵەڕاوكێی دابڕان لای منداڵ. دڵەڕاوكیی دابڕان لای منداڵانی باخچە لەشـیوەی هەندێك نیشـانەی دەرونی (هەڵچونی) وەك (غەمباربون و گریان) و هەندێك نیشـانەی كۆمەڵایەتی وەك (هەسـتكردن بە تەنهایی و پاشەكشەكردن)، هەندێك نیشانەی ژیری (مەعریفی) وەك (پەرتبون و پەشێویی ئاگایی)، نیشانەی ڕەفتاری وەك (شـەڕانگێزی و كرتاندنی نینۆك بە ددانەكان) و تێكچونی خەو وەك (خەوزڕان و بینینی خەونی ناخۆش..)دا خۆی دەبینێتەوە.

توێژینەوەی (ناصـر:٢٠١٧) بە ناونیشـانی (دڵەڕاوكێی دابڕان لای ئەو منداڵانەی پەیوەندیان كردوە بە باخچەی منداڵانەوە ). ئامانجی توێژینەوەكە ئاشـنابونە بە دڵەڕاوكێی دابڕان لای ئەو منداڵانەی پەیوەندیان كردوە بە باخچەی منداڵانەوە لە پارێزگای (المثنى)، هەروەها زانینی كاریگەری جیاوازی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ) لەسەر دڵەڕاوكێی دابڕان. توێژینەوەكە پشتی بەستوە بە میتۆدی وەسفی، سامپڵی توێژینەوەكەش پێكهاتوە لە (٤٠٠) دایك. ئامرازی توێژینەوەكە بریتی بو لە پێوەرێكی (٣٢) بڕگەیی تایبەت بە دڵەڕاوكێی دابڕان لای منداڵان (لە ئامادەكردنی توێژەر)، پاش ئەوەی لە لایەن دایكانەوە وەڵامی درابویەوە، بەو پێیەی منداڵ توانای وەڵامدانەوەیانی نیە، ئەنجامەی توێژینەوەكە دەریخسـتبو كە ئاسـتی دڵەڕاوكێی دابڕان لای منداڵانی باخچە لە پارێزگای (المثنى) لە ئاسـتێكی بەرزدابوە، ئەوەشـی دەرخسـت كە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ دا و جیاوازیەكەش لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێدایە.

### گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشو:

هەریەک لە توێژینەوەکانی (کبداني و ملال: ٢٠١٧) و ( ناصــر:٢٠١٧) و( Liza ،Lorrybella G.Ruar L.Quimson: ٢٠١٨) تەوەری دڵەڕاوکێی دابڕانیان لە خۆگرتبو، هەروەها هەرسێ توێژینەوەکە میتۆدی وەسفییان بەکارهێنابو، کە ئامانجی سەرەکییان زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان بو لای منداڵانی باخچە، کە لە ئەنجامدا دەریانخستبو کە دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە لە ئاستێکی بەرزدایە. هاوکات توێژینەوەکەی ( ناصــر:٢٠١٧) دەریخستبو کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە بە گوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز لە ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕاندا، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێدایە.

هەروەها توێژینەوەکانی (منصور: ٢٠١٨) و (حميد و السماحي:٢٠٢٠) و (رياض و عياط:٢٠٢١) هاوبەشن لە تەوەری مەڵتی میدیا و کاریگەری لە ئاراستەکردنی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و بەهاکان لای منداڵانی باخچە، میتۆدی توێژینەوەکان ئەزمونی بون، و ئامانجی سەرەکیشیان دیاریکردنی توانای مەڵتی میدیا بو لەسەر دروستکردنی کاریگەری ئەرێنی لە ئاراستەکردن و پەروەردە و فێرکردنی منداڵانی باخچە دا، و ئەنجامی توێژینەوەکانیش دەریانخستبو کە، مەڵتی میدیا دەتوانرێت وەک ئامرازێکی زۆر کاریگەر بەکاربهێنرێت لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکاندا، و کاریگەریەکانی لە ناو باخچەی منداڵاندا دەکرێت زۆر ئەرێنی و ئاراستەکراو بن.

### ڕێبازی توێژینەوەکە و ڕێکاریەکانی:

#### ڕێبازی توێژینەوەکە:

ڕێبازی توێژینەوەکە بریتی بو لە ڕێبازی ئەزمونی ئەویش بەهۆی گونجاوی لەگەڵ سروشتی بابەتی توێژینەوەکە و نمونەی توێژینەوەکەدا. بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەستاوە بە دەستنیشانکردنی تاکە گروپێک کە پاش تاقیکردنەوەی پێشەکی تاکەکانی ڕوبەڕوی گۆڕاوی سەرەکی توێژینەوەکە کرانەوە بۆ ماوەی دوازدە دانیشتنی (٣٠) خولەکی و دواتر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیی پاشەکی بۆیان.

#### کۆمەڵگا و نمونەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بۆساڵی خوێندنی (٢٠٢٢_٢٠٢٣).

نمونەی توێژینەوەکەش پێکهاتوە لە (٣٠) منداڵ لە ئاستی یەکەمی باخچە، کە توێژەر بەشێوازی ناهەڕەمەکی مەبەستدار هەڵیبژاردبون لە باخچەی (کازیوە)ی منداڵانی حکومی سەر بە پەروەردەی ڕۆژئاوا لەناوەندی شاری سلێمانی، بۆ پێکهێنانی گروپێکی ئەزمونی کە تاکە گروپی توێژینەوەکە بو.

**ئامرازەكانی توێژینەوەكە:**

بۆگەیشتن بە ئامانجەكانی توێژینەوەكە توێژەر هەستا بە ئامادەكردنی فۆرمێكی ڕاپرسی تایبەت بە دایكانی منداڵانی نمونەكە، كە لە (٤١) بڕگە پێكهاتبو، كە لە لایەن توێژەرەوە ئامادەكرابو بە پشت بەستن بەو ئەدەبیات و وێژەیەی لەسەر بابەتی دڵەڕاوكێی دابڕان و نیشانەكانی لەبەر دەستن، هەروەها لە ڕێبەری دەستنشانكردن و ئاماری پەشێویە دەرونی و عەقڵیەكان – چاپی پێنجەم (DSM 5) ئاماژەیان پێكراوە، هاوكات توێژەر هەستابو بە بەكارهێنانی ئامرازەكانی مەڵتی میدیا و داتاشۆ لە گەیاندنی ڤیدیۆ ئامادەكراوەكاندا.

**ڕاستگۆیی:**

توێژەر بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆی پەنای بردۆتە بەر ڕاستگۆی ڕواڵەتی، مەبەست لە ڕاستی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە ئەوەیە كە ئایا ئامرازەكە لە ڕوكەش و ڕواڵەتدا، تاچەند دیاردەكە دەپێوێت. بۆ ئەو مەبەستەش بڕگە و پرسیارەكان، پیشانی چەند كەسێكی پسپۆڕ و شارەزای بوارەكە ئەدرێت، بۆئەوەی ڕای خۆیان لەسەر یەكە بە یەكەی دەرببڕن (بۆكانی، ٢٠٢٠: ١٥٤)، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر ڕاووبۆچونی شارەزایان و هەڵسەنگێنەرانی ئەكادیمی ناو بوارەكەی وەرگرتوە و بڕگەكانی ئامرازی توێژینەوەكەی خستۆتە بەر هەڵسەنگاندنی (٩) پسپۆر لە بوارەكانی (پەروەردە و دەرونزانی) و (ڕاگەیاندن)دا، پاش چارەسەركردنی وەڵامەكانی بەڕێزیان لە ڕێگەی بەكارهێنانی هاوكێشەی ئاماری، دەركەوت ڕادەی پەسەندی كۆی بڕگەكان دوای هەمواركردنەوەی ئەو بڕگانەی تێبینیان لەبارەوە درابو (٨٨،٨٩) بو، كە ئەمەش ڕێژەیەكی گونجاوە بۆ ڕاستگۆیی ڕواڵەتی.

**جێگیری:**

بۆ زانینی جێگیری فۆرمی ڕاپرسیەكە لە كۆتا هەمواركردنەوەیدا بۆ هەر (٤١) بڕگەكە، توێژەر هەستا بە جێبەجێكردنی تاقیكردنەوەكەی بە سەر سامپڵێك لە منداڵانی ئاستی یەكەمی باخچە جیاواز لە منداڵانی نمونەكە، كە ژمارەیان (١٥) منداڵ بو، پاشان لە ڕێگەی بەكارهێنانی هاوكێشەی ئاماریی ئەلفا كرۆنباخەوە (Cronbach s Alpha ) هەستا بە چارەسەركردنی داتاكان، وە دەریخست كە بەهای جێگیریەكەی (٧٢٩،٠) بو، كە ئەمەش ئاماژەیە بۆ جێگیری توێژینەوەكەمان.

**كەرەستە ئامارییەكان:**

توێژەر بۆ چارەسەركردنی زانیاریەكانی سودی لەبەكارهێنانی گورزەیی ئاماریی زانستە كۆمەڵایەتییەكان (SPSS) وەرگرتوە، لە ناویاندا هاوكێشە ئامارییەكانی (One- Sample T-test) بۆ دیاریكردنی ئاستی

دڵەڕاوکێی دابڕان، هەروەها (Paired-Samples T-test) بۆدیاریکردنی جیاوازەی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی، بەمەبەستی دیاریکردنی ئاستی کاریگەری مەڵتی میدیا لە ڕواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان، و هاوکێشەی (کۆهین) بۆ دیاریکردنی قەبارەی کاریگەرییەکەی، هەروەها بەکارهێنانی (Independent Samples T-test) بۆ دیاریکردنی کاریگەری گۆڕاوی ڕەگەز و پیشەی دایک لەسەر ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە، بە هەمان شێوە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ئەلفا کرۆنباخ (Cronbach s Alpha ).

## خستنەڕوی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

### ئەنجامەکان:

- ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە بریتی بو لە (زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە). پاش چارەسەرکردنی زانیاریەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماریی (SPSS) وە ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی و بەهای (T) هەژمارکراو دۆزرایەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (One Sample T-Test) بە پشت بەستن بە ناوەندی گریمانەی بۆ تاقیکردنەوەکە کە بە (٨٢) دیاریکرابو.

خشتەی (١)

ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە

| ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ٣٠ | 88،10 | 7،814 | 82 | 4،276 | ١،٦٩٩ | ٢٩ | ٣٠ |

وەک لە خشتەی (١) ئاماژەی پێدراوە ناوەندی ژمێرەیی (88،10) ولادانی پێوەری (7،814) بو، پاش بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی بە ناوەندی گریمانەیی تاقیکردنەوەکە کە (82) بو لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (One Sample T-Test) ئەنجامەکان دەریان خست کە جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە بەرژەوەندی ناوەندی ژمێرەیدا، بەو پێیەی کە بەهای (ت) ئەژمارکراو دەکاتە (4،276) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە (١،٦٩٩) بو لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) بە نمرەی ئازادی (٢٩)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بونی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە. کە ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی

توێژینەوەکانی کبداني و ملال: ٢٠١٧) و (ناصــر:٢٠١٧) و( Liza L.Quimson،Lorrybella G.Ruar : ٢٠١٨).

- ئامانجی دوەمی توێژینەوەکە بریتی بو لە (زانینی کاریگەری مەڵتی میدیا لە ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاســتی یەکەمی باخچەی منداڵان). بۆ ئەم مەبەســتەش ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (T) بۆ جیاوازی نمرەی بەدەست هاتو لە هەردو تاقیکردنەوەی پێشــەکی و پاشــەکی گروپی ئەزمونی دۆزراوەتەوە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Paired Samples T-test).

خشتەی (2)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ جیاوازی نمرەکانی پێشەکی و پاشەکی پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی گروپی ئەزمونی

| ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ٣٠ | 28،833 | 10،326 | 15،294 | 2،048 | 29 | لە ئاستی (0.05) |

وەک لە خشـــتەی (٢) ئاماژەی پێدراوە ناوەندی ژمێرەیی (28،833) بە لادانی پێوەری (10،326)، بەهای (ت) ئەژمارکراو دەکاتە (15،294) کە گەورەترە لە بەهای (ت) خشـــتەیی کە (2،048) بو لە ئاســـتی بەڵگەداری (0.05) بە نمرەی ئازادی (٢٩)، ئەمەش ئاماژەیە بۆبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشـــەکی، کە دەرخەری ئەوەیە بەکارهێنانی مەڵتی میدیا کاریگەری هەیە لە ســـەر ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە. کە ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (منصـــور: ٢٠١٨) و (حمید و الســـماحي:٢٠٢٠) و (ریاض و عیاط:٢٠٢١)، کە جەختیان لەسەر کاریگەری مەڵتی میدیا کردبوەوە لەڕوی توانای ئەرێنی لە ئاراستەکردن و بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکانەوە لە ناوەندەکانی باخچەی منداڵاندا.

هەروەها بۆ زانینی قەبارەی ئەو کاریگەریەی گۆڕاوی ســەربەخۆ (مەڵتی میدیا) لەســەر گۆڕاوی پاشــکۆ (ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاســـتی یەکەمی باخچە) دروســـتی دەکات، توێژەر پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی هاوکێشەی کۆهین.

خشتەی (٣)

قەبارەی کاریگەری مەڵتی میدیا لە ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە

| گروپ | جێبەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای کاریگەری هەژمارکراو | بەهای خشتەیی | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٠ | پێشەکی | 88،10 | 7،814 | 2،791 | ٤،٠ | بەرزە |
| | پاشەکی | 59،27 | 6،119 | | | |

وەک لە خشتەی (٣) دەردەکەوێت بەهای ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشەکی (88،10) و بەهای لادانی پێوەری (7،814) بو، لە کاتێکدا بەهای ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پاشەکی (59،27) و بەهای لادانی پێوەری (6،119) بو، هەروەها بەهای ژمێرەیی قەبارەی کاریگەریەکە یەکسان بو بە (2،791) کە ئەمەش گەورەترە لە (٤،٠) بەو واتایەی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکە لە ئاستێکی بەرزدایە بە پشت بەستن بەهاوکێشەی (کۆهین) بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری.

- ئامانجی سێیەمی توێژینەوەکە بریتی بو لە (زانینی کاریگەری گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ) لەسەر ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە). بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەستا بە دۆزینەوەی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (T) بۆ جیاوازی نمرەی بەدەست هاتو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی گروپی ئەزمونی لای هەردو ڕەگەزی نێر و مێ بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Independent Samples T-test).

خشتەی (4)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T-test) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ لە تاقیکردنەوی پیشەکی بۆ گۆڕاوی ڕەگەز

| گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای ت | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژمارەیی | خشتەیی | | |
| نێر | ١٥ | ٨٨،١٣ | ٨،٢٦٢ | ٠،٠٢٣ | ٢،٠٤٨ | ٢٨ | ٠,٠٥ |
| مێ | ١٥ | ٨٨،٠٧ | ٧،٦٣٠ | | | | |

وەک لە خشتەی (٤) ئاماژەی پێدراوە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی نێر لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا (٨٨،١٣) بە لادانی پێوەری (٨،٢٦٢) بوە،هەروەها ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی مێ لە هەمان

تـاقیکردنەوەدا (٨٨،٠٧) بوە بە لادانی پێوەری (٧،٦٣٠) بوە، بەهـای (ت) ئەژمـارکراو دەکـاتە (٠،٠٢٣) کە بچوکترە لە بەهای (ت) خشـــتەیی کە (2،048) بو لە ئاســـتی بەڵگەداری (0.05) بە نمرەی ئازادی (٢٨)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەبونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوان هەردو ڕەگەزی نێر و مێدا، بەو واتایەی کە گۆڕاوی ڕەگەز هیچ کاریگەرییەکی نییە لە سـەر ئاسـتی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاسـتی یەکەمی باخچە. ئەمەش پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی ( ناصـــر:٢٠١٧) بو، کە دەریخســـتبو دڵەڕاوکێی دابڕان لە لای ڕەگەزی مێ زیاترە وەک لە لای ڕەگەزی نێر.

**دەرئەنجام:**

- دڵەڕاوکیی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە لە ئاستیکی بەرزدایە.
- بەکارهێنانی مەڵتی میدیا کاریگەری هەیە لەســـەر ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاســـتی یەکەمی باخچە.
- گۆڕاوی ڕەگەز هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر دڵەڕاوکێی دابڕان.
- ئاســـتی دڵەڕاوکێی دابڕان لای ئەو منداڵانە بەرزترە کە ڕۆژانە دایکیان بەجێیان دەهێڵن و بۆ کارکردن دەچنە دەرەوەی ماڵ.

**ڕاسپاردەکان:**

1. ئاشـناکردنی دایکان بە چەمکی دڵەڕاوکێی دابڕان و هۆکار و چارەسـەریەکانی، لە سـەرەتایی پەیوەندی کردنی منداڵەکانیان بە باخچەی منداڵانەوە.
2. بەکارهێنانێکی چالاکانەی مەڵتی میدیا وەک ئامرازێکی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە باخچەکاندا.
3. دیاریکردنی دو هەفتەی دەستپێکی ساڵی خوێندن لە باخچەکاندا بۆ ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە، لە ڕێی چالاکی هۆشیارکردنەوەی دایکان و باوکانی منداڵانی باخچە لەو بارەیەوە .

## پێشنیارەکان:

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشـــێوە وبە بەکارهێنانی ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەی بۆ ڕێنمای کردن و ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی ئاستی هۆشیاری مامۆستایانی باخچە سەبارەت بە دڵەڕاوکێی دابڕان و هۆکار و چارەسەریەکانی.

٣. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە مەبەســـتی ئاشـــنابون بە ئاســـتی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی قۆناغی یەکی بنەڕەتی.

# The effectiveness of multimedia use in relieving separation anxiety among first level kindergarten children from mothers viewpoint

**Nabard Mahmood HamaSalh[1] - Nian Namq Sabr[2] - Yohan Othman[3]**

[1+2]Kindergarten Department, College of Basic Education, University of Sulaymanyah, Kurdistan Region, Iraq.

[3]Media Department, College of Humanities, University of Sulaymanyah, Sulaymanyah, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**:

The aim of this study was to determine the level of separation anxiety among children in the first level of kindergarten from the perspective of mothers , as well as the effect of multimedia use on relieving this anxiety and the effect of variable (gender) on the level of separation anxiety among children in the first level of kindergarten.

The researcher used an experimental approach , the research community was the (Kazewa) kindergarten in the western education directorate in the center of Sulaimaniyah.The sample of study were purposely selected (30) children in the first level of kindergarten. The tool used was a survey form answered by the mothers of children. The results of study showed that the level of separation anxiety among children in the first level of kindergarten was high. there was a statistically significant difference between the pretest and the posttest ,and the difference was in favor of the posttest. This showed the effect of multimedia use on the relief of separation anxiety among the children in the study sample , as it was found that the variable (gender) has no role on the level of separation anxiety among the children in the sample.

Keywords: Multimedia, Separation Anxiety, Child, Children's Rights, Kindergartens.

## سەرچاوەکان:


ابو زيد، نبيلة امين (2011)، اضطرابات النطق و الكلام، الطبعة الاولى، دار عالم الكتب – القاهرة.

ابو علي، د. وفقي حامد (2014)، الطفولة المبكرة الخصائص والمشكلات، الطبعة الاولى، مكتبة الكويت الوطنية، الكويت.

اسماعيل، محمد عماد الدين (1995) النمو من الحمل الى الرشد، الطبعة الاولى، دار القلم – الكويت.

اوشـــريف، اميرة (2017)، دور وســـائل الاعلام فيحماية حق الاتصـــالي للطفل في الدول النامية، جامعة الاخوة منتوري قسنطينة، مجلة العلوم الانسانية، عدد 47 المجلد 1/ صفحات 311-322، الجزائر.

بۆکانی، د. سابیر ( ٢٠٢٠)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی دوەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

بيک، جوديث (2007)، العلاج المعرفي –الاسـس والابعاد، طلعت مطر، الطبعة الاولى، هيئة العامة لشـؤون المطابع الاميرية –المركز القومي للترجمة، القاهرة.

حمودة، محمود عبدالرحمن (1998)، الطفولة والمراهقة: المشـكلات النفسـية والعلاج، الطبعة الثانية، دار النهظة المصـرية، القاهرة.

حميد، د. عبدالرحمن احمد سـالم و د.زينب موسـى السـماحي (2020)، فاعلية برنامج تفاعلي مقترح متعدد الوسـائط قادم على (التحكم من خلال البرنامج – التحكم من خلال الفيديو) في تنمية الوعي التكنلوجي لدى طفل الروضـــة، المجلة العلمية المحكمة للجمعية المصرية للكمبيوتر التعليمي، المجلد الثامن – العدد الثاني –الطبعة الاولى.

الخضـر، مها عثمان عبدالله (2016)، اسـتخدام الوسـائط المتعددة في منهج الرياضـيات واثره في تحصـيل الاكاديمي لدى الطلاب الصـف الاول الثانوي – المدارس النموذجية – محلية الخرطوم وسـط، جامعة السـودان للعلوم والتكنلوجيا – كلية التربية.

خضـــر، د. ايمان احمد و د. حنان حســـن ابراهيم (2013)، فعالية مســـرح الطفل في خفض القلق اكتئاب الموهبة لدى طفل الروضة السعودي، جامعة المنصورة، مجلة بحوث التربية النوعية. عدد (28).

خليل، ليلى محمد عبدالحميد (2006)، اســـاليب معاملة الوالدية كما يدركها الابناء و علاقتها بقلق الانفصـــال في مرحلة الطفولة، الرسالة الماجستير المنشورة، جامعة الزقازيق – كلية التربية، مصر.

رياض، د.نهى مرتضى و جهاد طه عياط (2021)، برنامج وسائط متعددة لتنمية الوعي الصحي واثره على التعايش الامن لدى طفل الروضـــة في ظل جائحة كورونا، جامعة اســـيوط – كلية التربية للطفولة المبكرة، ادارة البحوث والنشـــر العلمي (المجة العلمية).

الزعبي، احمد محمد (2005)، مشكلات الاطفال النفسية والسلوكية ، الطبعة الاولى، دار الفكر دمشق، دمشق.

الزعبي، الدكتور لؤي (2020)، الوسائط المتعددة، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية،السورية.

سـليمان، ميار محمد محمد علي (2003)، فعالية برنامج ارشـادي لخفض قلق الانفصـال لدى اطفال الروضـة،رسـالة الماجيستر المنشورة، جامعة الزقازيق – كلية التربية، مصر.

السـيد، خلف احمد مبارك و اخرون (2021)، مدى انتشـار بعض اضـطرابات القلق لدى عينة من تلاميذ الاعدادية ،رسـالة الماجستير المنشورة، جامعة سوهاج، كلية التربية.

شيهان، د.دافيد (1978)، مرض القلق، د.عزت شعلان، سلسلة كتاب ثقافية شهرية يصدرها مجلس الوطني للثقافة وافنون والاداب- الكويت.

صـالح، د.اسـمى نوري (2015)،دور البرامج الاطفال في القنوات الفضـائية العربية المتخصـصـة في تثقيف الطفل، الطبعة الاولى، دارغيداء للنشر،عمان.

الطيب ، محمد عبدالظاهر واخرون (1992)، الطفل في المرحلة ماقبل المدرسة، الطبعة الاولى، منشأة المعارف، الاسكندرية.

عائشة، جقابة (2018-2019)، قلق الانفصال لدى اطفال المرحلة التحضيرية، رسالة الماجستير المنشورة، جامعة محمد بوضياف بالمسلية – كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، الجزائر.

عبدالحميد، هند لؤي (2019)، وعي معلمات رياض الاطفال بحقوق الطفل، جامعة بغداد _ كلية التربية للبنات، مركز البحوث النفسية، المجلد (30) العدد (2)، بغداد.

عبدالواحد، هند ابراهيم عبدالرسـول (2013)، اضـطراب قلق الانفصـال (الام- الطفل)، الطبعة الاولى، دار الجامعة الجديدة للنشر،الاسكندرية.

العريشـي، ايمن بن علي (2010)، اثر توظيف الوسـائط المتعددة في تدريس مادة العلوم على تحصـيل تلاميذ الصـف السادس الابتدائي في مدينة جازان،رسالة الماجستير المنشورة، جامعة ام القرى – كلية التربية، السعودية.

علي ، د.انسـام اياد (2018)، الاثار السـلبية للتكنلوجيا الحديثة على التربية الجمالية في الرياض الاطفال، المجلة العربية للاعلام والثقافة الطفل، العدد 4، جامعة الديالى – مركز ابحاث الطفولة والامومة.

علي، د.ناهد محمد شـعبان (2021)، فاعلية برنامج وسـائط متعددة تفاعلية لتنمية مهارات الطالبة معلمة الروضـة في تصـميم وانتاج الالعاب الفيزيائية للطفل، جامعة اسـيوط، كلية التربية للطفولة المبكرة، ادارة البحوث والنشـر العلمي (المجلة العلمية، العدد السابع.

فكري، د. ايمان جمال محمد (2020)، تاثير برنامج وسـائظ متعددة قائم على نظرية العبء المعرفي في تحسـين صـعوبات التعلم القرائية لدى الاطفال الروضـة ذوي صـعوبات التعلم، المجلة العلمية لكلية رياض الاطفال – جامعة بورسـعيد ، العدد السادس عشر.

قنطار، د.فايز (1992)، الامومة (نمو العلاقة بين الطفل والام)، سلسلة كتاب ثقافية شهرية يصدرها مجلس الوطني للثقافة وافنون والاداب- الكويت.

محمود، اميرة غريب علي (2015)، فاعلية برنامج متعدد الوسـائط لتنمية التحصـيل نحو مادة الدراسـات الاجتماعية لدى التلاميذ الصم بالمرحلة الابتدائية، مجلة كلية التربية – جامعة بورسعيد، العدد الثامن عشر.

مخيمر، د. عماد محمد و علي (2006)، المشــكلات النفســية للاطفال بين عوامل الخطورة وطرق الوقاية والعلاج، طبعة الاولى، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

ملال، صـافية و خديجة كبداني (2017)، قلق الانفصـال لدى طفل الروضـة في ظل بغض المتغيرات الفردية، جامعة محمد بن احمد وهران -2، مجلة المعيار، العدد (19)، الجزائر.

منصـور، د. زينب اسـعد محفوظ (2018)، برنامج مقترح لتنمية الثقافة السـياحيت لدى طفل ما قبل المدرسـة باسـتخدام الوسائط المتعددة في ضوء الاتجاهات العالمية الحديثة، المجلة العربية للتربية النوعية ، العدد (5).

المؤمن، داليا (2004) ، الاسرة والعلاج الاسري، الطبعة الاولى، دار السحاب للنشر، القاهرة- مصر.

ناصر، د. ناصر حسين (2017)، قلق الانفصال لدى الاطفال الملتحقين برياض الاطفال، مجلة اوروك /العدد الثاني/ المجلد العاشر.

M.D, Abdulrahman et al (2020), Multimedia tools in the teaching and learning process: A systematic review, Cellpress, volume (6).

Shilpa, Singh and Mishra Sunit (2013), A Study About Role Of Media In Early Childhood Education, International Journal of Humanities and Social Science Invention, Volume 2, Issue6 June.

Ivers, Karen S. & Anne E.Barron (2002), Multimedia Project in Education, Second Edition, Liberaries Unilimited.

Lorrybella, G. Ruar, & Liza L. Quimson (2018), Prevalence of Separation Anxiety Among Kindergarten Learners in Cuyapo East and West Districts, SOUTHEAST ASIAN GOURNAL OF SCIENCE AND TECHNOLOGY, Vol 3, Pangasinan State University .